پرۆفیسۆر
رادۆڤان پاڤیچ

# جولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد

## لەخەباتیدا بۆ سەربەخۆیی
## نەتەوایەتی و سیاسی

**مەحمود مەلا عزەت**
**کردوویەتی بە کوردی**

# پێناسی نامیلکە

ناوی نامیلکە: جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتدا
بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی
ناوی نووسەر: رادۆڤان پاڤیج
ناوی وەرگێڕ: مەحمود مەلا عززەت
دیزاینی بەرگ: سەلاح میرخان
دیزاین: جەمال دەروێش
چاپی سێیەم ٢٠٢٤
چاپخانەی زانا
تیراژ: ٥٠٠ دانە

ئەم دەقە کوردییە پێشکەش بەو هۆشمەندە بێ کە:

- لەناو ژیانی ئازادیی نەتەوەکەیدا بیری لای ئازادیی گەلانی داگیرکراو و چەوساوەیە....
- لەناو چەوسانەوەی نەتەوەکەیدا بۆ ژیانی ئازادی شەیدایەو خەباتی بۆ ئەکات

**مەحمود مەلا عززەت**

## ئەم نامیلکەیە

موحازەرەیەکە پرۆفیسۆر "رادۆڤان پاڤیچ" لە ساڵی ١٩٧٠دا خوێندویەتییەوە، لەساڵی ١٩٧٢ لە بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی بڵاوکراوەی (رای سیاسی)دا بڵاوکراوەتەوە.

– یەکەم چاپی دەقی عەرەبی– شوباتی ١٩٧٨ لەلایەن –دار الکتب– لەژێر ناوی– کوردستان والمسألة الکردیة–دا بڵاوکراوەتەوە.

– یەکەم چاپی دەقی کوردی–حوزەیرانی١٩٨٥– سوید، چاپخانەی شەهید جەمال تایەر.

– دووەم چاپی دەقی کوردی ١٩٨٦، کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان لە شاخ.

# وشەیەك

کاتێك چاپی سێیەمی ئەم نامیلکەیە ئامادە دەکرێت، نیو سەدە زیاتر بەسەر نووسینی بابەتەکەدا تێدەپەڕێت، هەموو نووسینێکی جیۆپۆلەتیکی پەیوەستە بە هەلومەرجی مێژوویی و هەژموونی تایبەتی زلهێزەکانی دنیاو ململانێی نێودەوڵەتی و ئەو گۆڕانانەی بەسەر نەخشەی سیاسی وڵاتانی جیهاندا دێت.

کاتێك ئەم بابەتە نووسراوە جیهان لەژێر هەژموونی دوو زلهێزی جیهانی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو یەکێتی سۆڤێت لە لایەك و باڵادەستی سیستمی تۆتالیتاری یۆگۆسلاڤیا لە لایەکی تر، کە ئەمەش سنوورێکی لە بەردەم پاڤیچدا دیاریکردووە کە نەتوانێت بە ئازادی لە ژێر ئەو هەژموونەی سیستمی کۆمۆنیستی تەعبیر لە راو بۆچوونی خۆی سەبارەت بە دۆزی کورد بکات لەگەڵ ئەو سانسۆرە فراوانەی سیستمی کۆمۆنیستیدا هەوڵی داوە تا رادەیەك واقعیانە لە دۆزی کوردو چارەنووس و جیۆپۆلەتیکی کوردستان بدوێ.

ئەم نووسینە بەدەر نییە لە ئەدەبیاتی سیاسی ئەو سەردەمەی هەژمونی یەکێتی سۆڤیەت بە مەبەستی پەلهاویشتن لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام پاش زیاتر لە ٥٠ ساڵ ئێستا سیستمی دوو جەمسەری وەك جاران نیە, هەردوو زلهێز کۆنترۆڵی گەلێك ناوچەی جیهانیان لەدەست داوە, ئێستا کۆمەڵێك گەورە هێزی هەرێمی لە جیهاندا پەیدا بووە کە رەنگە بە تەواوی لەگەڵ ناوەرۆکی ئەم بابەتەدا وێك نەیەتەوە, بەڵام دوای هەموو ئەو گۆڕانکارییانە, ئەم تێزە لەم سەردەمەیشدا بەهاو نرخی خۆی لەدەست نەداوەو دەکرێت وەك یەکێك لەو سەرچاوە دەگمەنانە تەماشا بکرێت کە لە یۆگۆسلاڤیای جاران بڵاوکراوەتەوە.

# چەند سەرنجێك

ئــــەم نامیلکەیـــــە دوای رێککەوتنەکـــــەی ١١ی ئـــــازاری ١٩٧٠ مێژوونووسی یوٚگوٚسلاڤی پروٚفیسوٚر "رادوٚڤان پاڤیچ"بە موحازەرەیەك خوێندویەتیەوە– لە ساڵی ١٩٧٢دا لە Politicke Misili– واتە (رای سیاسی) بەشی ١و٢و٣ لە ساڵی١٩٧٢دا بڵاوکراوەتەوە،" کاك برو"ش وەریگێڕاوەتە سەر عەرەبی و لەساڵی ١٩٧٨دا " رێکخراوی کاوە بوٚ روٚشنبیرانی چەپی کورد لەسوریا" بڵاوی کردوٚتەوە. بەهوٚی گرنگی باسەکەوە بەپێویستمان زانی خوێنەرو روٚشنبیری کوردی لیٚ بێبەش نەبێت.

بەکوردی کردنی دەقە عەرەبییەکە کارێکی ئاسان نەبوو، نەك هەر لەبەرئەوەی کاری وەرگێڕان خوٚی لەخوٚیدا قورس و بەئەرکە، بەڵکو سەبارەت بەوەش کە کردن بە کوردی لەدەقێکی وەرگێراوەوە، کارەکە قورستر ئەکات. بوٚیە گەلێك گیروگرفت هاتنە پێشەوە.. هەندێکی چارەسەر ئەکران بەڵام هی واشی تێدا بوو کە بڕیار لەسەردان و ساغکردنەوەی تەنها بەپەنا بردنە بەر دەقە ئەسڵییەکە دەکرا..بوٚیە پەنام بردە بەر کاك ئامان فەتاح، کە لە یوٚگوٚسلاڤیا ئەخوێنێت، ئەویش دڵسوٚزانە وەرامی هەندیٚ پرسیاری دامەوە کە لە دەقە یوٚگوٚسلاڤییەکە، کە بە سیر بوکراتییە، وەری گرتووە، لەهەمان کاتدا وێنەی دەقی نووسراوەکەشی بوٚ ناردم، زوٚر سوپاسی ئەکەم، ئەو دەقە ئەسڵییە، بووە هوٚی لابەلاکردنی گیروگرفتەکانی، چونکە لەدواییدا کاری بەراوردکردنی دەقە کوردییەکەی ئاسان کرد...بەتایبەتی د.رەسوڵ حەمزە کە خوٚی لە

یۆگۆسلاڤیا لەدانیشگای بلگراد خوێندنی تەواو کردووە، دڵسۆزانە ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ هاوکاری، کە جێگەی سوپاسێکی زۆرە، ئیتر پێکەوە هەردوو دەقەکەمان بەراورد کرد.. ئەوەی راستی بێت..زۆر کەم و کورتی و زیادو کەمی و شتی پێچەوانەو زاراوەو روونکردەوە ساغ کرانەوەو چاککران، گیروگرفتەکان لابەلاکران، لەبەر زۆری ئەو راستکردنەوەو چاککردنانە... وام بەچاکزانی کە دیاریان نەکەم.. چونکە بەشێکی زۆری ئەم نامیلکەیەی داگیر ئەکرد..بەتایبەتی ئەو کارە بۆ ئەم دەقە کوردییەکە هیچ گرنگییەکی نەئەبوو...بەڵام بۆ هەر یەکێك کە بیەوێت بەراوردی هەردوو دەقە کوردی و عەرەبییەکە بکات.. وا ئەو جیاوازیانە ئەبینێت.. کەهەمووی ئەوەی راستی بێت، کەم و کورتی ناو دەقە عەرەبییەکەیە.. ئەگینا ئێمە راستییەکانمان لە نووسراوە ئەسڵییەکەوە وەرگرتووە، زیاتر لەوانەش گەلێك باس بە ناونیشانەکانیشەوە، لەدەقە عەرەبییەکەدا هەبوون و لە یۆگۆسلاڤیەکەدا نەبوون.. بۆیە ئەو باسانەم جیاکردەوەو باسەکانی ناو دەقە ئەسڵییەکەم کرد بەیەك و بەگونجاوترم زانی هەموویان پێکەوە بکرێن بە بەشی یەکەم. سەبارەت بە گرنگی باسەکانی تری ناو دەقە عەرەبیەکەو بەهۆی یەکێتیی باسەکان و ناوەرۆکەکانیان ناتوانین بڵێین...

هەر تەواوکەری باسە ئەسڵییەکەن.. بەچاکم زانی ئەوانەش بکەم بە بەشی دووەمی ئەم نامیلکەیە.. بەتایبەتی" رادۆڤان پاڤیچ" خۆی لەیەکێك لەپەراوێزی باسەکانیدا، پەنجە بۆ باسێکی خۆی رائەکێشێ وەکو لەتێبینی ٣٤دا هاتووە، کە ئەڵێت" بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی پەیمانی سەنتۆ-خاسیەتەکانی جیۆ ستراتیژی Rimland لە وڵاتانی

ئەندام لەپەیمانی سەنتۆدا R,Pavit (رای سیاسی) ژمارە ٣ ساڵی ١٩٧٠بخوێنەرەوە.

ئەمە وا دەگەیەنێت کە تەواوکەری باسەکانی ژمارە ١و٢و٣ی (رای سیاسی) هەر ئەو باسانەی ژمارە ٣ی رای سیاسییە..کە "پاڤیچ" خۆی پەنجەی بۆ راکێشاوە.. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ، ئەو باسانەی لەم تێبینییەدا "پاڤیچ"دەری خستووە.. هەر هەمان ئەو باسانەن کە لە دەقە عەرەبییەکەدان.. کەوابوو گومانی تیادا نامێنێت کەهەموو باسەکان یەکن و لەئەسڵدا هەمووی لەموحازەرەکەدا هەن..بۆیە لە ژمارەکانی یەك لەدوای یەکی (رای سیاسی)دا بڵاویش کراونەتەوە، ئەو جیاوازییەش کە لە نێوان هەردوو ساڵی بڵاوکردنەوەی ژمارە ١و٢ی ١٩٧٢، ژمارە٣ی١٩٧٠دا هەیە لەمەبەستەکە ناگۆڕێت و رەنگە یا هەڵەی چاپ بێت، یاخود ئەو باسانەی ژمارە ٣ی ساڵی ١٩٧٠ بەسەربەخۆ لەو ساڵەدا بڵاوکراوەتەوەو لەدواییدا باسەکانی تر لەژمارە ١و٢ی ساڵی ١٩٧٢دا بڵاوکراوەتەوە.. کەوابوو سەرجەم باسەکانی دەقە عەرەبییەکە لە دوو بەشی ئەم نامیلکەیەدان.

پێویستە ئەوەش دەربخەین کەناوی نامیلکەکە لەدەقە عەرەبییەکەدا (کوردستان و مەسەلەی کورد)ە... بەڵام لە یۆگۆسلاڤییەکەدا ئەم جۆرە ناوە نییە... بۆیە، وام بەباشتر زانی کە سەرباسی یەکێك لەباسەکانی موحازەرەکە خۆی هەڵبـژێرم و بیکەم بەسەرناوی دەقە کوردییەکەی نامیلکەکە.. بەم جۆرەی کە ئەیبینیت.

باسەکان و ناوەڕۆکی ئەم نامیلکەیە بەنرخ و کەم وێنەن..هەرچەندە بێ کەموکورتی و رای پێچەوانە نییە و لەهەندێ شوێندا، بۆچوونی وای

تێدایه كه لەگەڵ راوبۆچوونی زانستیانەدا جیاوازەو، ناشمەوێت درێژەی بدەمێ و ئـەم چـەند وشـەیە بکەمـە نرخانـدنی باسـەکە... بـەڵام ئەوانـە هیچیان لـە نـرخ و گرنگـی باسـەکە کـەم ناکەنـەوە.. بـەجۆرێك کـە زۆر بۆچوون و شیکردنەوەی وای تێدایە هەر وەکو ئەمڕۆ نووسرابن وایە.

هـەموو ئـەو تێبینیانـەی لـەدوای باسـەکانەوە دەرخـراون، لـەجیاتی نووسینیانە لەپەراوێزی لاپەڕەکاندا.. وە هەموو ئەو تێبینیانەی کە بە –ن– دیاری کرابن واتە هی نووسەرن و لە سر بوکراتییەکەوە دەرهاتوون و لەعەرەبیەکەدا نەهاتوون.. وە ئەو تێبینیانەی تر کە بە –و.ع– دیاری کرابێت هی وەرگێڕی دەقە عەرەبییەکەیە، ئیتر هەر تێبینییـەکی تـر بـە –و.ك– نیشان کرابێت مانای ئەوەیـە هـی (بەندە)یـە بێگومـان.. ئـەو کـەم و کورتیانـەی لەعەرەبییەکـەدا هـەبوون لەئـەرك و کارەکـەی کـاك"برو" کـەم ناکاتــەوە کــە ئــەبێت لەبەرچــاو بگیرێــت و بڵاوکردنەوەکەشــی بــەزمانی عەرەبی کارێکی دڵسۆزانەو خزمەتێکی جوڵانەوەی رۆشنبیرییە.

هیــوام وایــە کــەڵکیش لــەم دەقــە کوردییەکــە وەربگــیرێ و جێگــەی رەزامەندی خوێنەری بەڕێز بێت.

مەحمود

حوزەیران–١٩٨٥

# پرۆفیسۆر رادۆڤان پاڤیچ

پرۆفیسـۆر رادۆڤـان پـاڤیچ   بـەناوبانگترین و دیـارترین نووسـەری کرواتیـا بـوو لـەبوارەکانی جوگرافیـای سیاسـی و جیۆپۆلـەتیك و ئابووریـدا. کـارە بەرفراوانـەکانی بەشـێوەیەکی سـەرەکی نـاوەڕۆکی جیۆپۆلـەتیکی گشـتی  و ناوچـەیی کرواتیـاو سەرانسـەری جیهـان دەگرێتـەوە، بەشـێوەیەك ئـەدەبیاتی سیاسـی و جوگرافیـای سیاسـیی کرواتیـای دەوڵەمەنـد کـردووە، چ لـەبواری شـیکردنەوەی پێکهاتـەی جوگرافی-کۆمەڵایـەتی کرواتیاو چ لـەبوارەکانی جیۆپۆلـەتیك و ئەتڵەسـی سیاسیی جیهان و ناوچەکە بەجۆرێکی گەشەسەندوو و هاوچەرخانە، بە شیکردنەوەی تیۆرییەکانی پشت پەلهاویشتنی زلهێزەکانی دنیا بەرەو کـۆنترۆڵکردنی پێگـەی جیۆسـتراتیژی و کـەناراو و دەروازە ئاوییـەکان و کەنارەکانی ئاوە گەرمەکان.

ئەم نووسەرە بەناوبانگە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم کۆمەڵێك بابـەتی جوگرافیـای سیاسـی پێشـکەش کردووە کە لەناویاندا زنجیرە وتارێکی  لە گۆڤاری (رای سیاسی)دا کە لە یۆگۆسـلاڤیا لـە سـاڵانی حەفتاکانـدا دەرچـووە، بڵاوکردۆتـەوە بەناونیشـانی"جوڵانەوەی  رزگاریخوازانـەی کـورد لەخەباتیـدا بـۆ سـەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی" تا رادەیـەك ئاماژە بۆ جوگرافیـای

سیاسـیی کوردسـتان و مێـژووی دابەشـکردنی کوردسـتان و ڕۆڵـی زلهێزەکـان لـەو زوڵمـە مێژووییـەی بەرامبـەر کـورد کـراوە دەکـات، لـەو نووسینەدا ئامـاژە بـۆ چارەنووسـی باشووری کوردسـتان و ئەگـەرەکانی دروسـتبوونی قەوارەیـەکی سیاسـی سـەربەخۆی کوردسـتان و گـۆڕانی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە دەکات، جێگەی خۆیـەتی وەك وەفایـەك بەرامبـەر بەو کەڵە نووسەرە، ئاماژە بـە ژیـان و بەرهەمـەکانی بکـەین و بەخوێنـەری کوردی ئاشنا بکەین.

رادۆڤان پاڤیچ * لە ٣٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٣ لەشاری (دێلـنیس) لەخانەوادەیـەکی دادوەری شـارەوانی بەڕەچـەڵەك زاگـریبی لـەدایکبووە، بڕوانامـەی بـەکالۆریۆس و ماسـتەر و لەسـاڵی ١٩٧٨یشـدا بڕوانامـەی دکتـۆرای لـە جوگرافیـادا لـە کۆلێـژی زانسـتە سروشـتییەکان و بیرکـاری بەدەست هێنـاوە، بە پێشکەشکردنی تێزێك سەبارەت بە شیکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی – جوگرافی هەرێمەکانی گۆرسکی کۆتارو ئۆگـۆلین و دۆڵی پلاشمان.

جگـە لـەوەی دەرچـووی کۆلێـژی زانسـتە سروشـتییەکان و بیرکـاری بووە لەهەمان کاتدا دەرچووی بەشی ئابووری زانکـۆی زاگریبـە، لەساڵی ١٩٦٣وە کـە لەسـەر کـار دامـەزراوە تـا سـاڵی ٢٠٠٠کـە خانەنشـین بـووە

---

*ئەم ژیاننامەیەی پرۆفیسۆر رادۆڤان پاڤیچ لە گوگلەوە وەرگیراوە –بەختیار مەلا عززەت–.

یـەکێك بـووە لەناسـراوترین ئـەو مامۆسـتایانەی کـە لـەزانکۆ مـادەی جوگرافیـای سیاسـی و جیۆپـۆلیتیکی وتۆتـەوە لەهـەمان کاتـدا وتاربیژێکی بەتواناو کاریگـەر بووە، چ لەسـەر ئاستی زانکـۆو چ لـەکۆڕو سیمینارە فکرییەکاندا.

هـەر لەسـاڵی ١٩٦٤وە کـە گۆڤـاری Misili politicke دەرچـووە بەشـدار بـووە لـەدەرکردنی گۆڤارەکـەدا، هـەروەها لەزۆربـەی رۆژنامـە بەناوبانگـەکان و گۆڤارە هەفتەییەکانـدا بابـەتی رۆشـنبیری سیاسـی و جیۆپۆلـەتیکی بڵاوکردۆتـەوە بەتایبـەت لەسـاڵانی شـەڕی رزگـاریی نیشتمانیدا لای زۆربەی چین و توێـژە کۆمەڵایەتییـەکانی کرواتیـا زیـاتر ناوبانگی دەرکردو ناسرا.

گرنگترین بەرهەمەکانی رادۆڤان پاڤیچ:

١. ئاسـتەنگەکانی تێکچـوونە جیۆپۆلەتیکییـەکان (١٩٦٤-١٩٦٥) رووپێوی جوگرافی.

٢. پێشـەکییەك دەربـارەی جوگرافیـای سیاسـیی گشـتی و جیۆپۆلەتیك (١٩٧١)

٣. بنەماکانی جوگرافیای ئابووریی یۆگۆسلاڤیا ١٩٧٢

٤. بنـەماکانی جوگرافیـای سیاسـی و گشـتی و ناوچـەیی، جیۆپۆلەتیك و جیۆستراتیجی (فیلمێکی دیکۆمێنتارییە بۆ خوێندکارانی کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی زاگریب(١٩٧٣).

٥. ژیــان و بەرهەمــەکانی یورجــۆ کریــزانیچ، کــۆلێجی زانســتە سیاسییەکان(زاگریب ١٩٧٤).

٦. سەرچاوەکانی داگیرکاری گەورەی سڕبیا (زاگریب ١٩٩١).

٧. جوگرافیای کوێستانەکانی کرواتیا (شیکردنەوەیەکی پێکهاتـەی کۆمەڵایەتی – جوگرافی چەند هەرێمێکی کرواتیایە) ٢٠١٢.

ئـەوەی لێـرەدا ئەیخوێنیتـەوە کورتەیەکـە لـە ژیاننامـەی پرۆفیسـۆر رادۆڤان پاڤیچ کە لەلایەن یەکێك لە خوێندکارەکانییـەوە بـەناوی (ملادێن کلێمێنچیچ) لـە گۆڤـاری (نەخشـەزانی و زانیـاریی جوگرافیـا) بـەرگی ١٩ ژمارە ٣٣ ی ساڵی ٢٠٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.

رادۆڤـان پـاڤیچ مرۆڤێـك کـە بەشــی هــەرە گــەورەی ژیــانی لەگــەڵ جوگرافیـای سیاسـیدا بەسەرچـوو (دێلنـیس ٣٠ی حـوزەیرانی ١٩٣٣، زاگریب ٤ی ئایاری ٢٠٢٠)

سـەرەتای مـانگی ئایـار رادۆڤـان پـاڤیچ مامۆسـتای دیـاری زانکـۆی زاگریب لە تەمـەنی ٨٧ساڵیدا ماڵئـاوایی کـرد، لەچەندین وێـب سایت و بڵاوکـراوەی ئەلەکترۆنیـدا هـەواڵی کۆچـی دوایـی و پرسـەنامەو ڕێزلێنـان بڵاوکرایــەوە، لــەگۆڤاری Misili politicke کــە لــەکۆلێجی زانســتە سیاســـییەکان دەردەچــێت پرســـەنامەیەك لەلایـــەن (مارتـــا زۆکـــۆ) بڵاوکرایەوە، هەرچەندە بەشێك لەوانەی لەسەریان نووسی بوو، ناسیاوی و ئاشـنایەتییەکی کـەمیان لەگەڵـدا هـەبوو، بـەڵام هـەموو ئـەو نووسـینانە

ئەو راستییە دەسەلمێنێت کە پاڤیچ نووسەرێکی ئاست لوتکەو ناوازە بوو.

لەبەر ئەوەی من راستەوخۆ لەگەڵ رادۆڤان تێکەڵاو بووم و ئاشنایەتییەکی زیاترم لەگەڵیدا هەبووە، کاتێك ناسیم ئەو لەهەرەتی بەتوانایی و داهێنانەکانیدا لەبواری جوگرافیای سیاسی و جیۆپۆلەتیکدا بوو.

لەکاتێکدا کە نەخشەی سیاسیی جیهان و رۆڵی بلۆکە جیهانییەکان جیاواز بوو لەوەی ئێستا هەیە، بەشانازی دەزانم لەبڵاوکراوەی (ڤێجناك)ەوە هەندێك لەیادەوەرییە کەسییەکانی خۆم بخەمە ڕوو وەڵامی داواکاری سەرنووسەرەکەی بدەمەوە.

**سەرەتای ئاشنایەتی:**

ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ لەزانکۆی زاگریب لەبەشی جوگرافیا دەمخوێند، لەقۆناغی چوارەم و ساڵی کۆتایی زانکۆ بووم، پاڤیچ مامۆستام بوو، هەرچەندە ئەو لەکۆلێجی زانستە سروشتییەکان و بیرکاری دەرسی دەوتەوە، بەڵام دەرسی بە ئێمەش دەوتەوە، ئەو پێش هەر پسپۆڕییەك جوگرافیناس بوو، چونکە ساڵی ١٩٥٧بەشی جوگرافیاو ساڵی ١٩٦٥بەشی ئابووری و ساڵی ١٩٧٨یش دکتۆراکەی لەبەشی جوگرافیادا وەرگرت بوو.

ئەو خولەی کە ئەو پێشکەشی دەکرد" لایەنە سیاسییەکانی پێکهاتەی جوگرافیی جیهان" بوو کە ئێمە پێمان دەوت "جوگرافیای

سیاسـی" لـەناو بەشـە جیاوازەکـانی جوگرافیـادا" شارنشـینی- گواسـتنەوە- گەشـت و گـوزار.... هتـد) لای مـن جوگرافیـای سیاسـی شاگوڵی بەشەکان بوو.

وەکو لەسـەرەتادا ئامـاژەم بـۆ کـرد سـاڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ لـە کۆرسـی یەکـەم و دووەمـدا دەرسـی پـێ دەوتینـەوە، محازەرەکـانی پـاڤیچ زیـاتر لـەدوای نیـوەڕوان و دەمـەو ئێـواران دەسـتی پـێ دەکـرد، هەرچـەندە کاتەکانی زۆر گونجاو نەبوون، بەڵام ئێمە بەپەرۆشەوە ئامادە دەبووین و بەکامی دڵ بابەتەکەمان وەردەگرت.

پاڤیچ کاتێك لەهۆڵی دەرس وتنەوە ئامادە دەبوو، کۆمـەڵێك نەخشـەو گرافیـك و وێنـەی هێڵکـاری و خشـتەی ڕوونکردنـەوەی دەهێنـاو لەسـەر بۆردەکە هەڵی دەواسی.

زۆر مامۆستاو وانەبێژی بەتوانامان هەبوو، بەڵام هیچ کامیان هێندەی پـاڤیچ ئاسـت بـەرزو کاریگـەرو باڵادەسـت نـەبوون، ئـەو بابەتانـەی هـەڵی دەبـژارد بابەتـە گەرمـەکانی ئـەو سـەردەمە بـوو کـە جیهـان دابەشـکرابوو بەسەر چەند بلۆکی سیاسی داو پڕ کێشمەکێش و ئایدیۆلۆجیای جیاواز بوو، ئەو دەمانە دەزگـای چاودێری ترسـناك و سانسـۆرێکی زۆر هـەبوو، بەڵام وەك هەندێ کەس نەدەترسا، کاتێك بەشێوەیەکی واقیعـی ململانـێ دەرەکی و ناوخۆییەکانی شیدەکردەوە.

بـەهۆی ئـەو محازەرانـەوە زیـاتر لەباکگراونـدی کێشـەکانی جیهـان و شەڕی ئێران و عێراق کە تازە هەڵگیرسابوو، شـەڕی عـەرەب - ئیسـرائیل

و كێشـەكانی لوبنـان و ململانـێ هەرێمییـەكان تێگەیشـتن كـە بـەجۆرێك كێشــمەكێش و ململانــێ جیهانییــەكانی شــیدەكردەوە وات دەزانــی بەدەستەكانی جیهان هەڵدەسوڕێنێ.

ئــەو زۆر شــارەزای ڕێــڕەوە ئابورییــەكان و گــوزەرە دەریاییــەكان و ڕێڕەوە شاخاوییەكان بوو، زۆر شارەزای پێكهاتەی دیموگرافیی وڵاتانی ئەفـەریقا بـوو، شـارەزای پێكهاتـەی ژینەگـەیی و سەرچـاوە كـانزایی و بوونەوەرەكانی ناوچە جوگرافیا جیاوازەكان بوو.

نەخشــەیەكی كێڵگــە نەوتییــەكان و كــانزا بەنرخــەكان و سەرچــاوە دەوڵەمەندەكانی جیهانی دەنەخشاند، لەنەخشەكاندا بنكەی سـەربازی و ململانێی هێزەكانی دیاری دەكردو بۆ كۆنترۆڵكردنی لـە هارتلانـدەوە بـۆ ریملاند، بۆ دەست بەسەرداگرتنی كەناراوی ئاوە گەرمەكان.

ئامــاژەی بــۆ ئــەوە دەكــرد كــەی و لــەكوێ ســنوورەكان دەســتكاری دەكرێن و دەگۆڕێن و پێشبینی دەكرێ چ ناوچـەیەكی جـوگرافی لەلایـەن زلهێزەكانـەوە داگیر بكرێ، لەپێشـبینییەكاندا زۆر وردو لێكدانەوەیـەكی زانستیانەی بۆ ڕووداوەكان دەكرد.

## پڕۆژەی کاری هاوبەش لە ئەنستیوتی  رۆشنبیری

دوای تـەواوکردنی زانکـۆ لەناوەڕاسـتی هەشـتاکاندا لـە ئەنسـتیوتی رۆشنبیریی کرواتیا دامەزرام، پڕۆژەی دانانی ئەتڵەسێکی نوێم لە ئەستۆ گرت، بەهۆی ئەم کارەوە جارێکی تر بەدیداری پرۆفیسۆر رادۆڤان پـاڤیچ شـاد بوومـەوە، کاتێـك پـاڤیچ زانـی ئـەو پڕۆژەیـەمان بەدەسـتەوەیە پێـی خـۆش بەشـداری تێـدا بکـات، خواسـتی بەشـداریکردنی پێشـکەش بـە بەرپرسی ئەنستیوت کرد، ئەویش  رەزامەندی نیشاندا.

پـاڤیچ کۆمـەڵێك بەڵگەنامـەو نەخشـەی  رەنگـاوڕەنگ و دۆکیـۆمێنتی پێشکەش بە پڕۆژەکە کرد، بەڵام ئـەوەی بۆ مـن ئاسـتەنگ بـوو شێوەی کـارو ئەجێنـدای ئەنستیوت و مەنهـەجی کـارکردنی جیـاواز بـوو، لەگـەڵ جیهانبینی و شێوەی کاری کەسێکی بەتوانای وەك پاڤیچ، لەبەرئەوە من دەبوایە هەماهەنگی و جۆرە هاوسەنگییەك لەنێوان پرۆگرامی ئەنستیوت و شێوازی کارکردنی پاڤیچ دا دروست بکەم.

لـــەماوەی نێـــوان ٢ تـــا ٣ ســـاڵدا پـــاڤیچ، لەچوارچـــێوەی کـــارە پیشـــەییەکەیدا نزیکـــەی ٨٠ بابـــەتی لەســـەر وڵاتـــان و کیشـــوەرەکان بەرهـەمهێنا، بـەم کـارە جێدەسـتی خـۆی لەسـەر ئەتڵەسـەکە دانـاو یەکـەم ئەتڵەسی جیۆپۆلەتیکی  راستەقینەی بەرهەمهێنا، لەپاشدا ئـەو خشـتەو نەخشـــەو وێنـــە جیاوازانـــەمان دەبـــردە لای  روپێوەکـــان و خۆمـــان

**سەرپەرشتیمان دەکردن، هەرچەندە پاڤیچ لەڕووی تەمەنەوە لەمن گەورەتر بوو، بەڵام ستایلی کارکردنی بەشێوەیەك بوو، وەك هاوکارێکی یەکسان کاری دەکرد.**

**پاڤیچ هەمیشە کۆڕو سیمیناری زانستی لەیانەی مامۆستایانی زانکۆو سەنتەرە جوگرافییەکان پێشکەش دەکرد، پسپۆڕانی ئەو بوارەی بانگهێشت دەکرد، منیش یەکێك بووم لەوانەی بانگهێشت دەکرام، لەکاتی سیمینارەکاندا جلوبەرگێکی جیاوازی دەپۆشی و هەندێك پۆستەرو نەخشەو وێنەی گرافیکی لەسەر بابەتەکان نیشان ئەدا.**

**پێشبینییەکانی نزیك بوون لە واقیعەوە، لەناوەڕاستی هەشتاکاندا هەندێك وتاری لەسەر وڵاتانی ئەوروپا پێشکەش کرد، کە هەنگاوەکانیان بەرەو نەمانی سنوورەکان و دامەزراندنی یەکێتیی ئەوروپا دەبێت، دوای ئەمەش دیواری بەرلین  روخاو پێشبینییەکانی بە پراکتیکی جێبەجێ کران. هەندێك جار سەردانی کتێبخانەکەیم دەکرد لە شوقەی دایك و باوکە بەساڵاچووەکەیدا، ئەم شوقەیەی گۆڕی بوو بۆ کتێبخانەیەك لەنێوان دوو شوقەدا، لەو سەردەمەدا بەهۆی زۆری سانسۆرەوە دەستهێنانی کتێبی بیانی ئاسان نەبوو، بەڵام کتێبخانەکەی پاڤیچ هەموو جۆرە کتێبێکی تێدا بوو، نەك هەر کتێبە کلاسیکییەکانی بواری جوگرافیای سیاسی لەخۆگرتبوو، بەڵکو نوێترین کتێبی ئەو سەردەمەی تێدابوو، فەزایەکی تایبەت بۆ ئەتڵەسە جۆراو جۆرەکان تەرخان کرابوو، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك کتێبی بوارەکانی ترو تەنانەت کتێبی**

ئەدەبیشی لەخۆگرتبوو، لەیادمە کاتێك من و هاوسەرەکەم رۆمانی" ماموٚستاو مارگاریتا"ی پۆلگاکوف-مان بەئەمانەت لیٚ وەرگرت، سەرنجم دا لە پەڕاوێزی کتێبەکەدا سەرنج و تێبینیەکانی خۆی لەسەر نووسی بوو، بەوردی کتێبەکەی هەڵسەنگاندبوو.

کاتێك باس لەسەرەتاکانی جوگرافیای سیاسی دەکەین پێویستە ئاماژە بۆ رۆڵی فلیپ لۆکاس و ئیڤۆپیلار-یش بکەین کە ئەمانیش لەقۆناغی پێش پاڤیچ پێشەنگی بواری جوگرافیای سیاسی بوون، بەلاّم بەهاتنی پاڤیچ جوگرافیای سیاسی بوو بە دیسپلینێکی ئەکادیمی تەواو دامەزراو لە کرواتیا، سەرەتا وەك خولێکی سیاسی و پاشان وەك خولێکی جوگرافیا تا سەرەنجام بووە تیۆرییەك کە بەشێوەی سیستماتیکی نەوەکانی داهاتووی کرواتیای لەسەر پەروەردە دەکرا.

## ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی پاڤیچ

ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، نیشانەکانی ماندوویێتی و پیری بە روخساری پاڤیچەوە دیاربوون، بەتەواوی دەستبەرداری وانەبێژی و دەرس وتنەوە بوو، لەو ساڵانەدا کە پسپۆریی بواری جوگرافیای سیاسی لە جیهاندا لەگەشەسەندێکی کەم وێنەدا بوو، بەلاّم پاڤیچ کەمترو کەمتر بابەتەکانی لەگۆڤارە پیشەییەکاندا بلاّودەکردەوە.

داڕمانی یۆگۆسلاڤیاو دەستپێکردنی لەشکرکێشی بۆ سەر کرواتیا کاریگـــەری زۆری لەســـەر دروســـتکرد، ڕەشـــبین بـــوو بەتێکچـــوونی بارودۆخـــەکان و هاتنەکایـــەی توندوتیـــژی و دروســـتکردنی ســـەنگەرو پەلاماردانەکان، پێی وابوو ئەم کێشانە بە ئاسانی چارەسەر نابن، بەهیچ شێوەیەك ئومێدی بەکارەکانی ئاشتی پارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان نەبوو، ترسی دووبارەبوونەوە ی مۆدێلی قوبرسی هەبوو کە بۆ هەمیشە کرواتیا دابەش بکات.

میدیای ئەو سەردەمە چاوپێکەوتنی زۆریان لەگەڵ ئەنجام ئەدا، لەڕۆژنامەکانـدا وتـاری سـەبارەت بـەڕووداوە گەرمـەکان دەنووسـی و ئەگەرەکانی ئایندەی دەگەیاندە خەڵك، هەندێك جار میوانی بەرنامەی تەلەفزیۆنی دەبوو سەبارەت بەجەنگی ناوخۆو ئەگەرەکانی داهاتووی ناوچەکەو چۆنییەتی داڕشتنەوەی سنوورە نوێکانی دەگەیاندە خەڵك .. تەمەن زیاتر و زیاتر هەنگاوی دەنا، تواناکان کەمتر دەبوونەوە تا لە ٤ی ئایاری ٢٠٢٠دا ماڵئاوایی لێکردین.

کاتێك ناوی رادۆڤان دەهێنین هاو واتایە لەگەڵ جوگرافیای سیاسیی کرواتیا، یادی دەکەین.. یادی بابەتە زانستییەکانی بەلاّم لەهەموویان زیاتر بیری نەخشەسازی ڕەسەنی ئەم پرۆفیسۆرە هەرگیز لەبەرچاو ون نابێت.

# بەشی یەکەم

**باری سەرنجی جیۆپۆلیتیکی دەربارەی خەباتی کورد لەپێناوی بەدەستهێنانی ئیعترافی سیاسی و نەتەوایەتیدا.**

**خاسیەتە جوگرافییە گشتییەکان و بنچینەو توانای نەتەوایەتی بۆ دەوڵەتێکی کوردی:**

1. **جیاوازی ناوچەکان.**
2. **ژمارەی دانیشتوان**
3. **ئەسڵی کوردو نیشتەجێ بوونیان.**
4. **یەکبوونی زەوی نەتەوایەتیی کورد وەکو مەرجێکی گرنگ بۆ بەدیهێنانی گەشەکردنێکی سەربەخۆ.**
5. **دابەشکردنی هەرێمی زەوی کورد.**
6. **بنچینەکانی هەرێمیی و دانیشتوان بۆ دەوڵەتێکی کوردی.**
7. **بنچینەکانی ئابووری و جێگەی کوردستان.**

***جێگەی جیۆپۆلیتیکی و پەیوەندیی بە دەوڵەتە زلهێزەکانەوە.**

***دابەشکردنی کوردستان و رۆڵی سنوور.**

***کوردستان وەکو ناوچەیەکی تامپونی.**

***جێگەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆ ستراتیژیی ئەم سەردەمەی کوردستان**

***جولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی:**

**١.گرنگی مەڵبەندی پێکهێنەری ژیان بۆ کوردستان.**

**٢.باری کۆمەڵایەتیی کورد لە تورکیاو ئێران.**

**أ-بارودۆخی کورد لە تورکیا.**

**ب-کورد لە ئێران.**

**٣.گەشەکردنی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کوردو دامەزراندنی کۆماری مهاباد.**

**٤. کوردی عێراق دوای مهاباد.**

# باری سەرنجی جیۆپۆلیتیکی دەربارەی خەباتی کورد لە پێناوی بەدەستهێنانی ئیعترافی سیاسی و نەتەوایەتیدا

پێشەکی:

کاتەکانی دوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، دیاردەیەکی گرنگیان هێنایە کایەوە، کە ئەنجامی راستەوخۆی ئەو دوو جەنگە بوو، ئەوەش دروستبوونی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتی سەربەخۆ بوو، لەگەڵ ئەم دیاردە گرنگانەدا.. ئەو گۆڕانەو پێکهێنانی ئەو دەوڵەتە نوێیانە، ئەنجامەکەی بەجۆرێکی وا نەبوو کەسنووورە سیاسییەکانیان بەتەواوی گونجاو بووبن لەگەڵ جۆری پێکهاتنیان لەڕووی فرە نەتەوەییەوە، جگە لەوە.. لەدوای رزگاربوونی ژمارەیەك لەدەوڵەتە ژێر دەستەکان، زۆر نەتەوە لەناو سنوورەکانی ئەو دەوڵەتانەدا هێڵرانەوە، یان نەتەوەی تری واش هەبوو کە لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەشکران بەبێ ئەوەی وەکو نەتەوەی سەربەخۆ مافە سەرەتاییەکانیان مسۆگەر بکرێت. بەدەر لەو دەستورە، گەلانی واش هەبوو ژمارەی دانیشتوانیان چەندان ملیۆن بوو، لەدوای خەباتێکی بەردەوام توانییان گەلانی جیهان والێبکەن کە ددانیان پێدابنێن، کۆماری چینی میللیی نموونەیەکی ئەم چەشنەیانە، کاتێك بە هۆشمەندییەوە باسی ئەو شێوەیەی دوایی ئەکەین، ئەوەمان لەبەرچاوە، کە ژمارەیەکی زۆری تر لە گەلانی بچوك بچوك سەبارەت بەهەوڵ و کۆششیان بۆ دەستگیربوونی ئەو ئیعترافە دووچاری چ نەهامەتییەك ئەبن هەرچەندە گەیشتن بەو ئامانجە کارێکی زۆر گرانە، بەڵکو جاری واش هەیە هەر مەحاڵە.

زۆر جـاریش رزگـاربوون و سـەربەخۆیی زۆر وڵات، بەپلـەی یەکـەم بەپەیوەنـدی لەگـەڵ تـەنگو چـەڵەمەی نێـو دەوڵـەتان روو ئـەدەن، وەکـو حاڵـەتی جـەنگ، کـە زۆرجـار زۆر گـۆڕاون و گەشـەکردنی کۆمەڵایـەتی و سیاسی لەگەڵ خۆی ئەهێنێت.

بـەڵام بـۆ مەسـەلەی کـورد، بـارودۆخی جـەنگ خـۆی و هـی سـاڵەکانی دوای هـەردوو جـەنگی یەکـەم و دووەمـی جیهـانی، ئـەو ئەنجامـە بـاش و چـاوەڕوانکراوەی نەهێنایــە کایــەوە، ئــەوەی لێرەشــدا شــیاوی باســە بیلـێین.. ئەوەیـە کـە، ئێسـتا چارەسـەری پێشـنیارکراو بـۆ ئـەم کێشـەیە لەسـەر بنچینەی دروسـتکردنی دەوڵـەتی تایبـەتی یـان یـەکێتیی فیـدراڵی نەخراوەتە روو، بەڵکو کەم و زۆر لەسەر بنچینەی ئۆتۆنۆمییـە. بێگومـان ئەمەش هەر لە چوارچێوەی عێراقدایـە، بەڵام لـە فارس[٢] و بەتایبـەتی لـە تورکیادا چاوەڕوانی هەلی لەوە باشتر ناکرێت، لەگـەڵ ئەوەشدا پێویستە ئـەوە ئاشـکرا بکـەین کـە هەرچـەندە شۆڕشـی کـوردو ئـەو هەنـدە ئامانجـە بەدەسـتهێنراوانە هـەر تـەنها لەسـنووری عێراقدایـە، بـەڵام کـورد ئـەوەی بەئەنقەست نەکردووە، هەرچەندە ئەوە جۆرە ویستێکی هێناوەتە ئاراوە، کــە شــتێك نــەکرێت ئێــران و تورکیــا بوروژێنێــت و دەســت بخەنــە نــاو کاروباری عێراقەوە بەمەبەستی دژایەتی کردنی جوڵانەوەی کورد.. بـەڵام نابێــت ئــەوە بکرێتــە بیانویــەك بــۆ جیاکردنــەوەی کــوردی عێــراق لەبەشەکانی تری.. بەتایبەتی هەر کاتێك بوارێکی باشی بۆ هەڵکەوتبێت وا هاوکــاریی یــەکتریان کــردووەو دەســتی یارمــەتی بــۆ کــوردە شۆڕشــگێڕەکان لــە وڵاتــەکانی تــرەوە درێــژکراوە. زیــاتر لــەوەش رێککەوتنەکـەی سـێ سـنوور لەسـاڵی ١٩٤٤دا، بەڵگەیـەکی تـری ئـەو

هاوکارییەیە، مەبەستیش لەو ڕێککەوتنە یەکخستنی ڕیزەکانی کورد بوو لە عێراق و تورکیاو فارسدا لەپێناوی کۆمەك بەیەکتری و ئینجا پارێزگاری کردنی کۆماری مهاباد و هەر پێویستییەکی تر کە بێتە ئاراوە[٣].

یەکێك لەمەسەلە هەرە گرنگەکانی خەباتی کورد لەعێراقدا کە تا ڕادەیەکی زۆر کار ئەکاتە سەر ڕای گشتیی جیهانی. پەیوەندی بەم پرسیارەوە هەیە:" ئایا مەسەلەی کورد هەر ئەوەیە کە لەسنووری عێراقدایەو کێشەیەکی ناوخۆیی عێراقە..یان بە گشتی مەسەلەیەکی جیهانییە!؟.

دانانی جولاّنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بەکێشەیەکی ناوخۆیی، باری مەسەلەکەی ئالّۆز ئەکات و زیاتر خەباتی سەخت ئەکات[٤]. ئەو ڕاوبۆچوونەی کەمەسەلەی کورد بەکێشەیەکی ناوخۆ دائەنێت سەیرو جێگەی سەرسوڕمان نییە.. چونکە سەرچاوەکەی لەبۆچوون و تێگەیشتنی تایبەتی ئەوروپییەکان و بیری کۆلۆنیالیزمەوە بۆ مەسەلەی کورد هاتووە، وە سەبارەت بەوەیە کە مەسەلەی کورد کێشەی گەلێکی بچوکی ناو ناوچەیەکی زۆر دوورە کە لەناو کێشە گرنگەکانی سەر ئاستی جیهانیداو کەم و زۆر ناتوانێت ڕاستەوخۆ کاربکاتە سەر ڕووداوەکانی ناو ئەورووپا. لە لایەکی تریشەوە ئەشێ دووبارە بڵێین کە مەسەلەی کورد نەك هەر مەسەلەیەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی گشتییەو پەیوەندی و سنووری نێو دەوڵەتان و جوگرافی بەربلاّوی خۆی هەیە، لێرەدا ئەوە ڕوون ئەبێتەوە کە ئەنتەرناسیونال کردنی مەسەلەی کورد بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی سوود بەخش ئەبێت،

وە بەهۆی جێگەی جیۆپۆلۆتیکییەوە ئەتوانێت مەسەلەکە بکات بە پۆزەتیڤ لەناو Rimlandدا[٥].

لەگەڵ ئەوەشدا ئەنتەرناسیۆنال کردنی ئەو مەسەلەیە، هەر تەنها بەهەموو کوردستانەوە بەند نییە.. بەڵکو ئەتوانێت ئەو رۆڵە بەکوردستانی عێراقیش ببینرێت.. چونکە بایەخێکی تایبەتی و گەورەی نێو دەوڵەتانی هەیە.

مەسەلەی سەلماندنی هەبوونی گەلێکی بچوك و ددانانان بەشوێنی تایبەتی خۆیدا، مەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژییە، نەك هەر لەڕووی سیاسییەوە.. بەڵکو لەڕووی مرۆڤ پەروەریشەوە، وەکو هەڵوێست بەرامبەر جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلان و مافی هەمووان لە یەکسانیدا...بێ گوێدانە فراوانیی زەوی و ژمارەی دانیشتوان. دیسان ئەم مەسەلەیە وەکو سەنگی محەك وایە بۆ عەرەبەکان لەبەرامبەر رای گشتیی جیهانی، چونکە عەرەبەکان لەبیرو باوەڕی ئازادی گەیشتوون و لایەنگیریشی ئەکەن، بۆیە هەڵوێستی لەو جۆرەیان چ جای بەدەستهێنانی ئیعترافی تەواو.. ئەبێتە هۆی بەهێزکردنیشیان لەڕووبەڕووبوونەوەدا بەرامبەر بە ئیسرائیل.

سەلماندنی مافی کورد لە عێراقدا بە ئیعتراف پێکردنیان...بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە لەسەر ئاستی جیهانی و بۆ کوردەکانی تورکیاش، کە لەوێ لەڕووی رەسمییەوە دانیان پیادا نانێن و هەر نکوڵیش لەبوونیان ئەکەن[٦] و ناویان ناون تورکی شاخاوی.

لەوانەی سەرەوەدا وا دەرئەکەوێت کە مەسەلەی کورد لە رووالەتدا، مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراقیی نوێیە، کەچی لە ناوەڕۆك و راستیدا بایەخی راستەقینەی زۆر لەوە فراوانترە.

## خاسیەتە جوگرافییە گشتییەکان و بنچینەو توانای نەتەوایەتی بۆ دەوڵەتێکی کوردی[٧]

١. جیاوازیی ناوچەکانی کوردستان:

ئەو جیاوازییە زۆرانەی لەنێوان ناوچە جوگرافییەکانی کوردستاندا هەن.. بە یەکێك لەخاسیەتە گرنگەکانی دائەنرێت. چونکە ئەو جۆرە جیاوازییانە ئەتوانن بناغەکانی ئابووری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی تایبەتی بڕەخسێنن.

کوردستان لەباری جوگرافییەوە، لەدوو بەشی گرنگ و لەیەکتر جیاواز پێکهاتووە، گومانیش لەوەدا نییە کە ئەتوانرێت جیاوازی زۆر زیاتر لەناو بەش و لکەکانی هەریەکەیاندا دەربخرێت. بەشی سەروو لەکوردستان ناوچەیەکی کەژاوی بەرزە، تێکڕای بەرزاییەکەی ١٠٠٠-١٥٠٠مەترە، لەکاتێکدا کە بەرزترین لوتکەی لە ٥٠٠٠م زیاترە. بۆ نموونە لوتکەی چیای ئارارات ٥١٦٥ م بەرزە- لەم رووبەرە جوگرافییەدا سروشتی بەرزو نزمی و دەریاچەی خوێیاوی داخراو باوە، بەلام بەشەکەی تر لەکوردستان.. لە نزماییەکانی سوریا- موسڵ و هیلالی خەسیب لەگەڵ ئەو ناوچە لێژانەی رووەو بەغدا شۆڕبوونەتەوە پێکهاتووە، کە پلەی گەرمای ناوچە فێنکاییەکانی تیادا باوە و لەنێوان

٢١-٤٥پلەدایە، بەڵام لەناوچە نزمایییەکاندا هەوای نیمچە بیابان باوەو پلەی گەرما لە نێوان ٣٧-٤٨دایە. لەکاتێکدا لەناوچەکانی پشتەوە بەرەو نزمی ئەچێت تا ئەگاتە هەوای کیشوەری زستانەو گەرماکەی لە نێوان ٢١-٥٣پلەدایە.

لەئەنجامی ئەو دیاردانەی سەرەوەدا چەند فاکتەرێکی نوێی ئابووری دێتە ئاراوە، چونکە بەرهەمی باش و فراوانی وەرزیی لێ دێتە دی، کە لەسنوورێکی تەسکی ناوچە شاخاوییەکاندا لەسەر بنچینەی شوانکاری و کشتوکاڵە، لەگەڵ بەرهەمێکی زۆری کشتوکاڵ لەناوچە نزمایییە بەپیتەکاندا، ئەگەر ئەم فاکتەرانە بخرێتە سەر گەشەکردنێکی نوێی ئابووریی سەردەم، وا لەهەندێ رووی تریشەوە رێگەی پێشکەوتن ئەگرێتەوە، بەتایبەتی وا چاوەڕوان ئەکرێت کە وزەو کەرەسەی تری وەك ئەمە بدۆزرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەتوانرێت گەشەکردنێکی گەورەش بەناوچە نزمایییەکان بکرێت، لەهەمان کاتدا ئەشێ چاوەڕوانی ئەوەش بکرێت کە گەشەکردنێکی لەو جۆرانەش لەناوچە شاخاوییەکاندا بێتە دی ئەگەر کانە مەعدەنەکانی بهێنرێتە بەرهەم.

٢. ژمارەی دانیشتوانی کوردستان:

کۆی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان ئەتوانێت رۆڵێکی گرنگ ببینێت، لە بەدەستهێنانی دەوڵەتێکی تایبەت بۆ کورد، کە تیایدا خودموختاری خۆی بپارێزێت، لەکاتێکدا کە تەنها بوونی سێ ملیۆن کەس بەسە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، بۆ سەلماندنی ئەوە لێرەدا تەنها چەند نموونەیەك لە ئەوروپادا ئەخەینە پێش چاو.. لە یۆگۆسلاڤیادا هەموو جۆرە هەلومەرجێك رەخسێنراوە بۆ بوونی چەندین کۆماری وەك

کۆمـاری چـیای ڕەش و کۆمـاری سۆسیالیسـتی مەکدۆنیا...هەرچـەندە ژمـارەی دانیشـتوانی یەکـەمیان نزیکـەی (٥٤٨٠٠٠)و هـی دووەمـیش (١,٦٤١,٠٠٠)کەسـە، هـەروەها ئـەلبانیا نزیکـەی دوو ملیـۆن، ئیرلەنـدە ٢/٩، وە دانیمارك ٩/٤ملیۆن، بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٨.

بـەڵام بـۆ کـورد، بەشـێوەیەکی نائاسـایی نـاتوانرێ ڕاسـتی ژمـارەی تـەواوەتییان بزانرێـت، چونکە یـا سـەرژمێری لـەئارادا نییـە...یا ئەگـەر لەئاراشـــدا بێـــت وا ناتـــەواوەو هەموویشـــی نامەوزوعییـــە.. ئـــەوەش بەئەنقەست وای لێکراوەو، بۆ مەبەستی نکوڵی کردن لە بوونی کوردە. لەلایـەکی تـر ئـەتوانرێ بوترێـت کـە سـەرژمێرە مەزەنـدە کراوەکـانی کـوردیش قەبـەکراون، ئەمەشـیان بـەو مەبەسـتە کـراوە کـە فاکتـەری دانیشتوان بەکاربێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانیان، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێویستە باری سەرنجە نامەقبولـە نـەگونجاوەکانیش لـەو بارەیـەوە وەبیر بهێنینـــەوە، بـــۆ نموونـــە.. کوردەکـــان هەنـــدێ جـــار ناوچـــەکانی لـــوڕو بـــەختیاری- خوزســـتان..و لوڕســـتانی فـــارس بـــە بەشـــێك لـــەزەوی نەتەوایەتی خۆیان دائەنێن، ئەوەش لەو خواستەوەیە کە ژمارەی خۆیـان زۆرتر بکەن و ئیتر بـەو هۆیـەوە داوای هاوبەشیکردن لەکەنداوی فارسـدا بکەن[٨].ئەو جیاوازییە گەورەیە لەنێوان ئەو ژمارانەی لەسەر دانیشتوانی کورد دراون، لـەوەوە پەیـدا بـووە کـە ئـەو ژمارانـە لەیـەك دوورو تێکـەڵ و پێکـەڵن، ئێمـەش هەمیشـە ئـەو سەرچاوەو سـەرژمێرانە زیـاتر ئـەگرین و ئەیکەین بەبەڵگە کە هی کورد نەبن.

لای زۆری ژمـارەی کـورد بـە (٩,٤)ملیـۆن لەقەڵـەم دراوە، ئـەم ژمارەیـە کـوردی کوردسـتانی تورکیـاو ئێـران و عێـراق و سـوریا ئەگرێتـەوە-

بەکوردی دیمەشق و حەڵەبیشەوە-لەو ژمارەیە نزیکەی ٤,٦ملیۆنی لەکوردستانی تورکیادایە کە لەڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدان و بەتورکی شاخاوی ناو ئەبرێن- ئەگەر کۆی ژمارەی دانیشتوانی نەتەوەکانی تری ناو کوردستان کە ١,٢ملیۆنە، بخەینە سەر ئەو ژمارەیەی کورد، وا دانیشتوانی هەموو کوردستان ئەبێتە زیاتر لە ١٠,٦ملیۆن.[٩]

ئاستەنگی دەستکەوتنی ژمارەیەکی ڕاست لەسەر کورد، هەر لە زۆری سەرچاوەوە نەهاتووە، بەڵکو لەبەرئەوەشە کە سەرژمێرەکان لە ماوەو کاتی جیاجیادا وەرگیراون.. بۆ نموونە.. بەپێی سەرژمێری یەکێك سەرچاوەکانی سۆڤیەتییەکان[١٠] سەرجەم ژمارەی کورد(جگە لەوانەی لەیەکێتیی سۆڤیەت نیشتەجێن) ئەگاتە (٦,١٢٤,٠٠٠) کەس، گرنگی ئەم سەرژمێرییە ئەوەیە کە ڕوونی کردۆتەوە زۆربەی کوردەکان لە تورکیاو ئێراندا نیشتەجێن (٢,٧)ملیۆن یان ڕاستی ٢ملیۆن لەهەر یەکەیاندا)و لەعێراقیشدا (١,١)ملیۆن، دیسان چەند سەرچاوەیەکی تری ڕووسەکان دەریان خستووە کە، کورد نزیکەی ٧ملیۆن ئەبن لەوە ٢,٥ملیۆن لەهەر یەکە لە تورکیاو ئێراندان، ١,٢ملیۆنیش لەعێراقدان[١١].

ژمارەی کورد بەپێی سەرژمێری دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرئاوا لەنێوان ٤تا ٤,٥ ملیۆندایە، بەڵام ژمارەی کورد لەسەرچاوە کوردییەکاندا بەرز ئەبێتەوە بۆ زیاتر لە ١٣ملیۆن کورد، لەتورکیا ٦ملیۆن --عێراق ٤ ملیۆن، ئێران ١,٨ملیۆن[١٢] و لە سوریا ٧٥٠,٠٠٠ کورد.

ئــەنجامی ریــژەی جیــاوازی نێــوان ئــەو ســەرژمێرانەو ژمــارە خەملێنراوەکان لەنێوان ١,٥-١٣ملیۆن کەسدایە(١٣).

زۆر ئاشکراشە کە سەرچاوە سۆڤێتییەکان راستترین سەرچاوەن، لەبەر ئەوە ئەتوانرێ بوترێ ژمارەی کورد لەنێوان ٦تا ٧ ملیۆندایە، خاڵی زۆر گرنگ لەهەموو سەرچاوەکاندا، پێکهاتنیانە لەسەر ئەوەی کە زۆرترین ژمارەی کوردەکان لە تورکیادا کۆبوونەتەوە. لەوێشدا، زیاتر لەهەموو شوێنێکی تر دووچاری چەوساندنەوە بوون، هەر ئەم دیاردەیەش، فراوانکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بەجۆرێك ئەسەپێنێت تا ئەم بەشەی کوردستانیش بگرێتەوە، دیارە بەوەش هۆیەکانی سەرکەوتن زیاتر ئەگرێتەوە، بەڵام بەشی دووەم لەڕووی گرنگی و زۆری دانیشتوانەوە، وەکو زۆرترین سەرچاوە دەریانخستووە... بەشەکەی ئێرانە کە نزیکەی ٢-٤ملیۆن کەسی تیا ئەژی.. دیسان ئەمەش هەر گرنگە، سەبارەت بە هەڵوێستی حکومەتی ئێران بەرامبەر بەشەڕی رزگاریخوازانەی کوردی عێراق، وەکو هەڵوێستێکی بێ لایەنانە، ئیتر بەهۆی ئەوەشەوە کە ژمارەیەکی زۆری کورد لە ئێراندا بەهۆی شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەسەر سنوور، ئەتوانن یارمەتی پێویست بۆ کوردی عێراق مسۆگەر بکەن وەکو چەك و یارمەتی بریندار.... هتد(١٤)..جگە لەوە مانەوەی سنووری عێراق و ئێران بەکراوەیی.. ئەبێتە فاکتەری یارمەتیدەر بۆ مسۆگەرکردنی پەیوەندی کورد بەدنیای دەرەوە.

بەڵام لە سوریا، هەرچەندە ژمارەی کورد، تا رادەیەك، گرنگی کەمترەو جێگەی نیشتەجێبوونیان ناوچەی سەرووی رۆژهەڵاتە..لەگەڵ ئەوەشدا

چارەنووسیان هەر بەئامانجە گشتییەکەی کوردەوە بەستراوەتەوە کە یەکبوونی هەموو کوردە. کەمی ئەو ژمارەیەی کورد لەسوریا و بڵاوبوونەوەیان بە شارەکاندا، لەگەڵ نەبوونی ناوچەیەکی شاخاوی وا کە بەکەڵکی بەرگری لەخۆکردن بێت، هەموو ئەوانە بوونەتە کۆسپی بەردەمی کورد لە سوریا کە نەتوانن رۆڵێکی گرنگ لەناو جوڵانەوەی گشتیی رزگاریخوازانەی کورددا ببینن، بۆیە سەرئەنجام و بەشێوەیەکی بنەڕەتی ئەبێت هەر پشت بە کوردی عێراق ببەستن کە ژمارەیان ئەگاتە دوو ملیۆن، مانای لە ٢٥٪ی کۆی گشتیی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن.

## ئەسڵی کورد و نیشتەجێبوونیان[١٥]

پەیوەندی کورد بە کوردستانەوە، هەر لەسەرەتای نیشتەجێبوونییەوە یەکێك لە هۆیە سەرەکییە نەگۆڕەکانی هەبوونی زەوی نەتەوایەتی بۆ پێك ئەهێنێت[١٦]. دیسان ئەتوانرێت ئەم دیاردەیەش بەیەکێك لە فاکتەرە یارمەتیدەرە گرنگەکانی هەبوونی نیشتیمانی کورد دابنرێت. جا هەرچەندە لەوانەشە، کۆچڕەوە گەورە مێژووییەکان لەشوێن و جۆری پێکهاتنی دانیشتوان بگۆڕن.. بەو رادەیەی کە بەهیچ جۆرێك نەتوانرێت رەزامەندی لەسەر راست و رەوانی داخوازی دامەزراندنی دەوڵەتی مێژوویی پیشان بدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو جۆرە دیاردەیە کوردی نەگرتۆتەوە، بۆیە پێویستە سەرلەنوێ پەیوەندی نەپچڕاوی کورد بەنیشتیمانی تایبەتی خۆیەوە دووپات بکەینەوە کە ئەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچە کیشوەرییەکانی نێوان

میسۆپۆتامیاو قەوقاسەوە..لە نێوان دەریای قەزوین و دەریای رەش و دەریای سپی ناوەڕاست و کەنداوی فارسدا.

کورد گەلێکی هیندۆ ئەوروپاییە، زیاتر بڕوا وایە کەنەوەی میدییە کۆنەکانە[١٧] و پەیوەندی تایبەتی و رەگوڕیشە داکوتراوی بەناوجەرگەی ناوچەکەوە هەیە، کە کوردەکانی بەستۆتەوە بەم ناوچەیەوە. لە نێوەندی سەدەکانی ناوەڕاستدا، لەسەردەمی شەپۆلی نەتەوەکانی تەتەر لە- Hertlandوە، گەلانی قەوقاس و هیندۆ- ئەوروپایی لەناوچە بیٚ لایەنە شاخاوییەکانی رۆژهەلاتی نزیك لەنێوان ناوچە فراوان و ئاوەدان و نیمچە بیابانەکانی خوارووی رووسیا لەسەرەوەو هیلالی خەسیب لە خوارەوە...ئەو گەلانە رۆڵی شورای بەرهەڵستیان بینیوە، چونکە هەر زوو هێرشی عەرەبەکانیان لەو ناوچانەدا وەستاند، دیسان زۆر خۆگربوون بەرامبەر ئەو هێرشانەی لەناو-Hertland-وە دەرئەپەڕین و تا رادەیەکی زۆر پارێزگاری ناوچە تایبەتییەکانی خۆیان کردووە و هێرشی گەلانی تورك و تەتەر یان تورك و ئازەربایینجانی و تورکمانیان لەزۆر ناوچەی دابڕاودا وەستاندو تێکیشیان شکاند. لە نێوان هەردوو سەدەی چواردەو پازدەشدا، کورد توانی هێرشەکانی مەغۆل تێك و پێك بشکێنێت، ئا لێرەدا بایەخی ئەو رۆڵە مێژووییە هەمیشە سەرکەوتووەو، بایەخی پارێزگاریکردنی ئەو شوورە قەدەغەکەرە دژ بەهەموو جۆرە دەستوەردانە ناو کاروبارێکی ناوچەکە لەلایەن دەوڵەتانی خۆرئاواوە.. دەرئەکەوێت لەسەر گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی و هۆشمەندیی کوردەکان بەتایبەتییەکانی خۆیانەوە[١٨] بۆ مافی سەربەخۆییان لەسەر نیشتیمانی مێژوویی خۆیان کە مافێکی مێژوویی هەمیشەییانە.

## یەکبوونی زەوی کورد وەکو مەرجێکی گرنگ

## بۆ بەدیهێنانی گەشەکردنییێکی سەربەخۆ

دیسان لێرەشدا تایبەتێتی نەگۆڕو تایبەت بە کوردو کوردستان لەڕۆژهەلاتی نزیکدا لە ئارادایە، لەڕووی یەکخستنی نەتەوەی کورد و پەیوەندی بەکوردستانی نیشتیمانییەوە، لە کاتێکدا کە ئەو دیدە پێچەوانەی باری سەرنج و بۆچوونی ئەوروپییەکانە کە ئەڵێن زنجیرەی دابەشبوونی دانیشتوان لەڕۆژهەلاتی نزیکدا لە رووی سادەیی و بەربلاوی شێوە پانتایی و لەڕووی گەورەیی نەتەوەکانەوە... لەڕادەیەکی باش و گونجاودایە... بۆیە لایان وایە تێکدان و گۆڕینی سنوورەکان لەسەر بنچینەیەکی تری هەبوونی نەتەوەکان پێویست نییە. دیارە ئەوروپاییەکان زۆر شارەزاییان دەربارەی ئەو ناوچانە نییە[١٩]..زیاتر شارەزای شارە گەورەکانن، ئەوەش روونە کە واقیعی جیۆپۆلیتیکی رۆڵی بینیوە لەو تێکەڵییەی گەلانی ئەو ناوچەیە، زیاتریش عەرەب و تورك و زلهێزەکان دەستیان تیا هەبووە، هەڵەی بۆچوونەکانیش لەوەدایە کە تەنها سەرنجی باری ئێستا ئەدەن بێ ئەوەی ئاوڕێك لە گۆڕان و رووداوەکان و جۆری پەرەسەندنیان بدەنەوە و بزانن لە ئەنجامی راگوێزانی زۆرەملێ و چەوساندنەوە کورد ناچار بووە خۆی بگەیەنێتە ناوچە شاخاوییەکان تا لە وێدا لەژیانی دڵنیا بێت و خۆی بپارێزێت.

## دابەشكردنی هەرێمیی زەوی كورد

بـەپێی ئـەو تایبەتیانـەی لەمەوبـەر دەرخـران، پارچـە پارچـەكردن و دابەشبوونی كوردستان بەم جۆرەی لێهات: ناوچەی خواروی رۆژهەڵات لـە توركیا كـە نزیـك بەئەرمەنسـتانی یـەكێتیی سـۆڤێتە، ناوچـەی هـەرە سەرووی سوریا، سەرووی عێراق، ناوچەی سەرووی رۆژئاوا لە ئێران. ئەو بەشانەش مەڵبەندی ژیانی سەرەتاو ئەسڵی و تەقلیدی كوردستان پێك ئەهێنن، فراوانییەكەشی بەم جۆرەیە، لە دەریاچەی ورمێ و وانەوە هەتا سەرووی رۆژئاوای دیجلە لە بەشەكەی توركیا، لەفوراتەوە تا ئاوی مورات، لەخواریشەوە هیلالی خەسیب ئەبێتە سنووری.

جگـە لـەوە كـورد لـە ناوچـەیەكی ئـەنادۆڵی توركیـاو كەنـداوی ئەسكەندەرونەوە و لەسـەرووی رۆژهـەڵات بـەڕێگای سـنووری یـەكێتیی سۆڤێتی و لەسەرووی سوریا و لە ئازەربایجانی فارسی و خۆراسان، وە لە بلوجستانی سەروو هەن.

دیـارە كـە راگـوێزانی زۆرەملـێ هـۆی سـەرەكی بـوونی ئـەو گروپـە كوردانەیـە لـەو ناوچـە دوورانـە لـە نیشـتیمانە ئەسڵییەكەی خۆیـان، بـۆ نموونـە.. كاتێـك راپـەڕینی كوردەكـان لـە ئـەنادۆڵ دامركێنرایـەوە، ئـیتر بەزۆر رایانگوێزران و لەناوچەكانی خۆیان هەڵیانكەندن، بۆ خۆراسانیش بەزۆر كوردی بۆ راگوێزرا..چونكە دەوڵەت ئەیویست سنووری خۆراسان بەرامبـەر بـە هێرشـی خێڵـە توركمانـەكان بـە كـورد بپارێزێـت. سـەبارەت بەوانـە كـورد لـەپێش ئەفغانـەكان و گـەلانی تـری رۆژهـەڵاتی نزیـك و ناوەڕاستەوە چەوساوە بوون و پارچە پارچەو دابەشكراون.

## بنچینەكانی هەرێمی و دانیشتوان بۆ دەوڵەتێكی كوردی

پانتـایی و گـەورەو بـەربڵاوی كوردسـتان، ئـەبێت جێگـەی سـەرنج و لەبەرچاوگرتن بێت و هـەر بەو پێیـەش ئۆتۆنۆمی بدرێت بە كورد، هـەر هیچ نـەبێت لـە كوردسـتانی عێراقـدا وەكـو سـەرەتایەك بـۆ سـەربەخۆیی گشـتیان كـە دەمێكـە چـاوەڕوانیان دەكـەن، چـونكە لەكاتێكـدا پانتـایی كۆمـاری سۆسیالیسـتی چیای رەش نزیكـەی-١٣٨١٢-كلـم٢ و پانتـایی كۆماری سۆسیالیستی سلوڤینیا نزیكـەی ٢٥٢٥١كلم٢و لوكسومبورگ-٣٠٠٠كلـم٢- ئـەلبانیا-٢٩٠٠٠كلـم٢، بـەلجیكا ٣١٠٠٠كلـم٢-لەهـەمان كاتیشـدا ئـەبینین كـە تـەنها پانتـایی كوردسـتانی عێـراق ئەگاتـە-٧٢٠٠٠كلـم٢- بـەڵام پانتـایی سـەرجەم كوردسـتان كـە بەكوردسـتانی كیشـوەری ناوئـەبرێت، لـەنێوان٣٠٠-٥٣٠ كلـم٢دایـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێویسـتە ئـەو سـنووردانانە هـەق یا ناهەقـەی بـۆ پانتـایی كوردسـتانی گـەورە دانـراوە... بـەو جـۆرەی كـە ئەیگەنێتـە سـەر كەنـداوی فـارس و كەنداوی ئەسكەندەرونە.. جێگەی لەبەر چاوگرتن و سەرنج بێت.

بەربڵاوی و جێگەی كیشـوەریی جـوگرافیی كوردسـتان، دوو تایبـەتی نائاسـایین: كوردسـتانی كیشـوەری لـە قوڵبـوونی جـوگرافی و لەشـێوەی گونجـــاوی درێژبوونیـــــدا و لـــــە رووی مەڵبەنـــــدی ژیـــــانی شاخاوییەوە..ناوچـەیەكی نیشـتەجێی كـۆن پێـك دەهێنێـت، خاسـییەتی گـرنگ بـۆ كـورد ئەوەیـە ناوچـەیەكی نیشـتەجێی كـۆن پێـك ئـەهێنێت، خاسیەتی گـرنگ بـۆ كـورد ئـەو رێگـە سـەخت و قایمەیـەتی بەرامبـەر بـە

عەرەبـــەکان لـــەخوارەوە و بەرامبـــەر بـــە شـــەپۆلی کۆچـــڕەوەکان لەHertlandو سەرووی  ڕۆژهەڵاتەوە.

مەبەســتیش لــە کوردســتانی کیشــوەری، ئــەو ناوچــەیەیە کــە ئەکەوێتەپشتێنەیەکی جوگرافی داخراوەوە کە لەئاوی دەریا دای ئەبڕیت، ئەو داخراوییەش لەناو ئەو پشتێنەیەدا دەوڵـەتی کوردستان ئـەکات بـە تاکـە دەوڵـەتی ڕۆژهـەڵاتی نزیـك کـە هـەتا بـەهۆی ڕووباریشـەوە، نەگاتـە سـەر کـەناری دەریـا، ئـەم دیـاردەی نەگەیشـتنە سـەر دەریـاش، هـەر لـە ئەنجامی ئەو ڕووداوو ئاڵوگۆڕانانەوە بووە کە بەسەر کورددا هاتووە.

دیارە ئەو واقیعە جیۆپۆلێتیکییە، هـەرگیز جێگـەی ڕازیبـوون نییـە و لەجەوهـەردا پێچـەوانەی خواسـتی پێکهێنـانی دەوڵـەتێکی نوێیـە، کـە لەسەر بنچینەیەکی سیاسی ڕەزامەند بێت لەناوچەی ڕۆژهـەڵاتی نزیکدا کــە دەوڵەتــەکان تیایــدا گەشــتوونەتە ســەر دەریــا، ئەگــەر بــەهۆی ڕووباریشـەوە بێـت، دیسـان ئـەوەش جێگـەی ڕەزامەنـدی نییـە، چـونکە دەوڵـەتێکی وەکـو کوردسـتانی کیشـوەری کـە بـەو جـۆرە ڕێـڕەوی زەوی لەسەر دەریا نەبێت، ئەبێتە دەوڵەتێکی چوار دەور گیراو بەو دەوڵەتانـەی لێیان ڕزگار ئەبێت، بەتایبـەتی ئەگـەر پەیوەندیشـی لەگەڵیانـدا بـەجۆرێك خـراپ بێـت کـە هـەتا مـافی گوزەرکردنیشـی-ترانزیـت- نـەدەنێ و نـەهێڵن سەرپەرشـتی تـەنها بەنـدەرێکیش لـە بەنـدەرەکانی سـەر دەریـای سـپی ناوەڕاست یا کەنداوی فارس بکات. لەلایەکی ترەوە، کوردستان خاوەنی سنوورێکی ڕاستەوخۆ ئەبێت لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا، بێگومان ئەوەش بـۆ هـەردوولا بەکـەڵك دەبێـت، بـەڵام ئـەو سـنوورە یەکسـەر کوردسـتان ناگەیەنێتە سەر دەریای ڕەش یا دەریای قەزوین.

دیسـان کوردسـتانی گـەورە لـە کـاتی دامەزراندنیـدا، لای کەنـداوی ئەسکەندەرونەو کەنداوی فارسەوە ئەگاتە سەر دەریا، ئەم گەیشتنە سەر دەریایـەش وای لـێ ئـەکات کـە رۆڵـە گەورەکـەی ناوچـەکەدا بەتـەواوی ئـەنجام بـدات، لەبەرئـەوەی کـە پردێکـی زەمینـی لـەنێوان ئـەورووپاو هیندستاندا دروست ئـەکات، کـە بـەناو دەوڵـەتێکی کـەژاوی یـەکگرتوو لەڕێگـەوبانی گونجـاودا، درێـژ ئەبێتـەوە. لای هـەموانیش ئاشـکرایە کـە هـیلالی خەسـیب لـەنێوان ئیسـرائیل و زۆر لەدەوڵـەتانی عەرەبـدا دابەشـکراوە، لـەو بارەشـدا سەرپەرشـتیکردنی ڕێگـەوبانی دەریـاییش لەگەڵ خواست و ئارەزووی مێژوویی دەوڵەتە زلهێزەکاندا ئەگونجێت.

## بنچینەکانی ئابووری و جێگەی کوردستان

یـەکێك لـە بناغـە هـەرە گرنگـەکانی بـوونی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆی کوردستان، یا ئۆتۆنۆمی  کە نابێت زۆر گرنگی پێ بدرێت– گونجانـدن و جووتبـوونی بنچـینەکانی ئابوورییـە لەگـەڵ توانسـت و هەلومـەرجی دامەزرانـدنی ئـەو دەوڵەتـەدا، چونکە ئـەوە گـرنگترین فاکتـەرە کـە دەبێـت لـەو ناوچـانەی ئۆتۆنۆمییـان هەیـە بڕەخسـێنێت– بـۆ نموونـە لـەکاتی دامەزراندنی ئیسرائیلدا، ئـەو توانا ئابوورییـەی کوردستانیشـی نـەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە دامەزراندنی ئـەو دەوڵەتـەدا چاو لەفاکتـەری تـر بپۆشرێت. بەڵام بۆ کوردستان زنجیرەیەك فاکتـەرو خەسڵەتی گرنگـی تـر یارمەتی گەشەکردنی ئابووری ئەدەن، لەوانە:

أ–كوردستان ناوچەی شاخاوی و بەرزی و نزمی و دەشتایی تێدایە، ئەوەش بەهۆیەکی گرنگی گەشەکردنی ئابووری دائەنرێت، لەبواری شوانکاری و بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتدا[٢٠].

ب–هەندێ شوێنی ناوخۆی کوردستان ئەکەوێتە ناوچەی بارانگرتەی–٣٨٠ملم–وە، بەڵام لەدەرەوەی ناوچەی Shamala دایە[٢١]. بۆیە ئەرزەکەی بەزەوی دێمی گەنم و جۆ ئەناسرێت، ئاشکرایە کە ئەوەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی نرخی تێچوونی بەرهەمەکانی دانەوێڵە، زیاتر لەوەش بەشەکانی عێراق لە کوردستان، کە ناوچەیەکی گرنگی کوردە، توتن و داریش بەرهەم دەهێنێت.

ج– بوونی ئاوی زۆری بن زەوی کە ئەتوانرێت چاودێری بکرێت و دەستی بەسەردا بگیرێت، بەتایبەتی لە ناوەڕاست و سەرووی ناوچە بەپیت و دەوڵەمەندەکاندا، ئینجا لەهەموو ناوچەکانیشدا کەڵکی لیێ وەرەگیرێت، جگە لەو سوودە گەورەیەی لەهەردوو رووباری دیجلەو فورات، لە بەشەکەی ناو کوردستانیاندا، وەرئەگیرێت.

د–بوونی کانی مەعدەنی لە کوردستانی عێراقدا، زۆر لە ناوچەکانی بەو کانانە دەوڵەمەندن، لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، هەرچەندە تا ئێستا بڕێکی ئەوتۆشیان لیێ بەدەست نەهێنراوە، لەهەمان کاتدا خوێ لەکەرکوك و چیمەنتۆ لەسلێمانی زیاتر بەرهەم ئەهێنرێت و بایەخی پیێ دراوە، بەڵام لەکوردستانی ئێراندا هەوڵێکی وا نەدراوە بۆ دۆزینەوەی کانەکان. بۆ کوردستانی تورکیاش بەکانی ئاسن و کرۆم و زیو و مس دەوڵەمەندە.. کە ئەوانەش لەژیانی ئابووریدا بایەخێکی گرنگیان ئەبێت.

بەهەرحاڵ بەتەنها کوردستانی عێراق دەوڵەمەند نییە، بەڵکو لەم رووەوە ئەبێت هەموو کوردستان لەبەرچاوبێت، ئەوەی دەوڵەمەندی ئەو بەشەی کوردستان زیاتر ئەکات..ئەو نەوتە زۆرەی ناو ئەو ناوچە بەرینەیە کە لەزێی گەورەوە درێژبۆتەوە بۆ کەرکوك، ئەم ناوچەیە یەکێك لە دەوڵەمەندترین بیرەکانی نەوتی جیهانی تیادایە. ئاشکراشە ئەمڕۆ نەوت بەردی بناغەی ئەو پەیوەندییەی ئێستای نێوان کوردو عەرەبە لە عێراق، چونکە کوردستانی عێراق نزیکەی لە ٧٥٪ی هەموو نەوتی عێراق بەرهەم دەهێنێت.

نابێت ئەوەش لەیاد بچێت کە لەمەوبەر و دوای جەنگی یەکەمی جیهانی نەوت رۆڵێکی سەرەکی بینی لەدەستنیشان کردنی سنوور لەناوچەی ویلایەتی موسڵ لە بەینی عێراق و تورکیادا.

جگە لەوانە، ناوچەکەی نێوان زێی گەورەو کەرکوك لەگەڵ هەردوو ناوچەکانی بەغداو بەسرە... دوو مەڵبەند لە مەڵبەندە سەرەکییە زیندووەکانی ژیان لەعێراقدا پێك ئەهێنن، سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەی دروستکردنی کێشەو گیروگرفتیشن لەناوچەکەدا. ئینجا نەوت هەر هۆی سەرەکی نییە لە پەیوەندی نێوان کوردستانی عێراق و هەموو کورد بەگشتی، بەڵکو رۆڵی گرنگیش وازی ئەکات بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستانی عێراق خۆیو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەو وڵاتەدا.

لەم سەردەمەشدا باس و خواسی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی لە عێراقدا جێگەی سەرنج نییە، لەهەموو حاڵەتێکیشدا هیچ جۆرە ئۆتۆنۆمییەك لە کوردستانی عێراقدا جێگەی متمانەو پشت پێ بەستن

نابێـت و بەتـەواو دانانرێـت ئەگـەر قـەزاو ناحیـەکانی دەشـتی موسـڵ و هـەولێرو کـەرکوکی لەسـەر نـەبێت، کـە گـرنگترین ناوچـەی بیری نـەوتیان تیادایە، ئەوەو هـەموو لایەنـەکانی تـر کـە باسمان لێوەکردن، خاسیەتی بـاش و زاڵبـوونی لایـەنی ئـابووری ئـەدەن بـە کوردسـتان ئەگـەر لەگـەڵ ناوچەکانی تردا بەراورد بکرێت.

## جێگەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان و پەیوەندی بە دەوڵەتە زلهێزەکانەوە

جێگـەی جیۆپـۆلیتیکی کوردسـتان بایـەخێکی گـەورەی هـەبووە لای دەوڵەتـە زلهێزەکـان–روسـیا، تورکیـاو بـەریتانیای گـەورە. کوردسـتان بـۆ رووسیا لایەنێکی سەرنج راکێشەری وای پێکهێنا بوو کە تەماعی بخاتـە بـەر بـۆ هەوڵـدان تـا دەسـەڵاتی خـۆی فـراوان بکـات.. بـەرەو دەریـاو هیندستان بەگشتی و بەرەو ناوچە عەرەبەکان بەشێوەیەکی تایبەتی.

بەڵام بۆ عـەرەب، ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان ببوونـە شورایەك بۆ ئـەم نەتەوەیـە[٢٣] کەرێگـەی لـەو گەلـە بیاباناوییـە[٢٤] گـرت و نەیهێشـت ناوچـەکە بەتـەواوی داگیربکـات، بەتایبـەتی ئیسـلام درەنـگ گەیشـتە ناوچەکانی رۆژهەڵات و سەرووی رۆژهەڵات.

بـەڵام بـۆ بـەریتانیا ئـەم ناوچـەیە لەگـەڵ وڵاتـی فـارس و ئەفغانسـتان بوون بەجۆرێك لە تامپون[٢٥]، وە شورەو بوارێکی زیندووی بۆ پێك هێنـا، بۆ خۆجێگیرکردن لەناوچەکەو بۆ بەرگری کردن لـە هیندسـتان. ئینجا با ئەم باسە لەڕووی مێژووییەوە کەمێك بەدرێژی روون بکەینەوە:

رووسیا هەر لەسەدەی هەژدەیەمەوە پەیوەندییەکی پەرەسەندووی بازرگانی لەگەڵ ناوچەکانی پشت قەوقاسدا هەبووەو لەو ناوچانەوە لۆکەو ئاوریشم و بەرهەمی تری دەستکەوتووە، هەر لەڕێگەی خۆشییەوە ئەو کەلوپەلانە نێردراون بۆ وڵاتانی خۆرئاوا، چەند هۆیەکیش یارمەتی گەشەکردنی بازرگانی رووسیاو مەڵبەندەکانی لە ئەسترخان، باکۆ، ئەنزلی و رەشت داوە[٢٦]..لەوانە ناوەڕاستبوونی جێگەی جوگرافی، خۆدانانی بەپارێزەری مەسیحیەکان لە تورکیا. لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمداو، ئینجا دوای سەرکەوتنی لەدەست بەسەراگرتنی ئێران[٢٧]دا، توانی تەنگ بەتورکیا هەڵبچنێت و لەکۆتایی سەدەی ناوبراودا هێزەکانی لەتەنگەی ئاوەکان بپەڕێتەوەو لە ساڵەکانی ١٨٧٨-١٩٢١دا توانی لەسەر حیسابی تورکیا، کارس و ئەرتەهان و ئارتین بگرێت.

لەساڵی ١٩٠٧یشدا رێککەوتنێك لەنێوان رووسیاو بەریتانیادا مۆرکرا، بەپێی ئەو رێککەوتنە: ئەفغانستان بوو بە ناوچەی دەسەڵاتی بەریتانیا، بەڵام ئێران کرا بە سێ بەشەوە: بەشی سەرووی خرایە ژێر دەستی رووسیاو بەشی خوارووی رۆژئاوا بۆ بەریتانیا، لەنێوان ئەو دوو بەشەشدا، ناوچەیەکی بێ لایەن بوو، لە کاتەکانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیشدا، لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رووسیادا لەسەرووی ئێران، و هی بەریتانیا لەخوارەوە.. دابەشکردنی تری لەو بابەتە روویدا- سنوورەکەش بەڕێگای تاراندا تێپەڕ ئەبوو، بەڵام ئەمجارەیان بەبێ ناوچەی تامپونی بێ لایەن بوو.

بەڵام گرنگترین ڕووداوەکان لەدوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی هاتنە ئاراوەو بۆ فراوان بوونی دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیێت سیٚ خاڵ ڕۆڵیان تیادا بینی.

١.لەژێر کارتێکردنی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، کۆماری گیلانی فارسی- ڕووسی لەساڵی ١٩٢٠-١٩٢١ دامەزرا[٢٨] و لەساڵی ١٩٢٠دا لە یەریڤان کۆماری ئەرمەنستانی سۆڤێتی دامەزرێنرا.

٢.جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلان، لەپێش هەموویانەوە هی ئەرمەن پاشەڕۆژی خۆیان، لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هەر لە ئۆتۆنۆمیدا نەئەبینی و بەس، بەڵکو لەناو ڕووسیای سۆڤێتیشدا بەدییان ئەکرد، سەلمێنەری ئەم ڕاستییە، کۆماری ئەرمەنستانی سۆسیالیستە، کە ئەمڕۆ یەکێکە لەپێشکەوتووترین کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤێتی لەڕووی چەسپبوونی هێزە نەتەوایەتی و ئابوورییەکانەوە.

٣. دابەشبوونی هەر یەکە لە گەلانی ئەرمەن، کورد، ئازەر، وای لەم گەلانە کرد کە هەوڵ بدەن کەڵك لە دامەزراندنی یەکێتیی سۆڤێتی وەربگرن و لەخەباتی نەتەوایەتیاندا بە پاڵپشتی خۆیان دایبنێن، بەڵام بۆ کورد، ئەو دابەشکردنەی بەسەر تورکیا و ئێران و عێراقدا... وای لە واقیعەکەی کرد کە جیاوازییەکی ئاشکراو بنەڕەتی هەبێت لەگەڵ ئەرمەن و ئازەرەکاندا، چونکە ئەمان توانیان ڕاستەوخۆ سوود لە جێگەکانیان لەناو سنووری یەکێتیی سۆڤیەتدا وەربگرن.

گرنگییەکی تایبەتی پەیوەندی نێوان کوردو یەکێتیی سۆڤیەت لەبایەخی نەوتەوە هەڵقوڵاوە، بەتایبەتی ئەگەر گریمان لەسەرەتای ساڵی

١٩٨٠وه یـەکێتیی سـۆڤیەت پشـت بـە هـاوردنی نـەوتی وڵاتـەکانی تـر ئەبەستێت .

لـەدوای جـەنگی دووەمـی جیهانیشـەوە، یـەکێتیی سـۆڤیەت نـەیتوانی نــەوتی ئێرانــی دەســتگیرببێت، دیــارە بــارودۆخی ئــەم ســەردەمەش جیاوازە، جێگـەی قـایمی کوردسـتانی کیشـوەری، تـەماعی دەوڵەتـەکانی تـری وروژانـد، بەتایبـەتی تورکیـا کـە بەلایـەوە کوردسـتان ناوچـەیەکی بـەرگری کـردن بـوو بـۆ ئـەنادۆڵ، بەمانایـەکی تـر ناوچـەیەکی بەرگرییـە بەرامبــەر بــە رۆژهــەلات، لەدواییشــدا ئــەو دوو بەشــەی ئەرمــەن و ئازەرییـەکان لـە کوردسـتان، شـورەیەکی تـر لەبەرامبـەر بـە قـەوقاس و دەریای رەش دروست ئەکەن.

بـەڵام بـەریتانیا هـەر لەسـەرەتای چـاو تێبڕینـی ئیسـتیعماریانەیەوە، رووەو ناوچەی رۆژهەڵاتی دوور، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گرنگی ئەدا بەبەســتنەوەی ئەفغانســتان بــەوڵاتی فارســەوە، بــۆ ئــەوەی هــەر دووك پێکەوە ناوچەیەکی تامپونی لەڕوو بەڕووی هیندستاندا دروست بکـەن، ئینجا گرنگی دانی بەریتانیا بە عێراق کاتێك بایەخی راستەقینەی خـۆی زیاتر کرد کـە بـۆی دەرکـەوت نـەوتێکی زۆری تیایـە، بەتایبـەتی لەبەشـی خوارووی کوردستانی عێراق(٢٩).

هەڵوێســتی بــەریتانیا و دەوڵــەتانی رۆژئــاوا بەگشــتی، بەرامبــەر حکومەتی مهاباد، بایەخی نەوتەکەی کورد دەردەخات، چونکە هەر دوای جـەنگی دووەمـی جیهـانی حکومـەتی کـورد لـەمهاباد- لـە ئازەربایجـانی فارسیدا- دامەزرا، وە تەنها عـەتفی ئـەم حکومەتـە بەرامبـەر بـە یـەکێتیی سۆڤیەت، گومانی لەوەدا نەهێشت کـە بوونی مهاباد لەگـەڵ بەرژەوەنـدی

دەوڵەتە خۆرئاوا ئیستیعمارییەکان یەك ناکەوێت، بۆیە ناوچەی بیرە نەوتییەکان نەخرانە سەر ناوچەی خودموختاریی، هەرچەندە ئەتوانرا ئەوە بکرێت، جگە لەوە دروستکردنی ناوچەو مەڵبەندی نەوت لەبەینی ئێران و ئەسکەندەرونەدا کە هی عەرەب نەبێت و بکەوێتە ناو بەرزاییەکانی کوردستانەوە...کاروباری دەوڵەتانی خۆرئاوا ئاڵۆزتر ئەکات.

## دابەشکردنی کوردستان و رۆڵی سنوور

کوردستان لەڕووی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژییەوە[٣٠] خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەتی گرنگە لەناو ئەو دەوڵەتانەی چواردەوریان داوە ئەو خاسیەتانەش دوو بایەخی گرنگی جیۆپۆلیتیکیان داوە بە کوردستان .

یەکەم: جێگەی هەرێمی:

دووەم: هاوسنووری کە کاری تامپونی پێ سپاردووە.

سەبارەت بەوانە ئەم دابەشکردنەی ئێستای کوردستان لەنێوان چەند دەوڵەتێکدا.. رۆڵێکی رێگر وازی ئەکات لەبەردەم کوردستانێکی ئازادو یەکگرتوودا، بێگومان ئەگەر کوردستان لەژێر دەستی یەك دەوڵەتدا بوایە.. وا کارەکە زۆر جیاواز ئەبوو، چونکە ئەم حاڵەتەیان ئەبووە هۆی ئاسانکردن و یەکخستنی خەباتی کورد لەپێناوی سەربەخۆییدا.

دابەشکردنی کوردستان لەدوو پلەی گرنگدا کراو بەجۆرێك بوو هەروەکو کارێکی سروشتی و نەخشەیەکی چەسپیوی هەمیشەیی ئەو بارەی کوردستان بێت.

دابەشـكردنی یەكـەم: لەسـەرەتای سـەدەی شـانزەیەمدا كوردسـتان لەنێوان توركیاو ئێراندا دابەشكرا.

دابەشـكردنی دووەم: ئـەم دابەشـكردنەیان لەسـاڵی ١٩١٨دا بـە سـەر توركیاو عێراق و سوریادا بوو.

یەكـەم دابەشـكردن لەسـەرەتای سـەدەی شـانزەیەمدا كـرا، لـەدوای سەركەوتنی توركەكان بەسەر فارسدا لای گۆمی ورمـێ، ئیتر لەسـەرەتای سـەدەی حەڤدەیەمـدا، سـنووری نێـوان توركیـاو ئێـران رێكخـرا و جێگیر كرا، ئەم سنووره بەناوچەیەكی بەرەنگاربوونەوەی لەبارتر دانرا بوو.. بۆ هەردوو دەوڵەت.

بـەڵام گـرنگترین دابەشـكردنی كوردسـتان لـەدوای جـەنگی یەكـەمی جیهانی كرا، ئەوەش لەئەنجامی رووخانـدنی ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیـدا بـوو، بـە دابەشـكردنی ئـەو ئیمپراتۆرییەتـە، كـوردیش بەسـەر توركیـاو عێراق و سوریادا دابەشكرا، ئـەو دابەشـكردنەش هـەتاوەكو ئێستا وەكو خۆی هێڵراوەتەوە. بەڵام بەندەكانی پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠ وەكو خۆیـان نەخرانـە بـەر كـار و ئیتر یـەكێك لەكێشـە گرنگـەكانی گـەلی كـورد لـەوەوە پەیدا بوو، دوای ئەوەش رێككـەوتنی لـۆزان مـۆركرا... بـێ ئـەوەی باسـی مەترسی دابەشكردنی كوردستانی تیادا بكرێت.

ئـەوەی پێویسـتیش بێـت لێـرەدا باسـی بكـەین مەسـەلەی سـنووری عێراقە كە لەدوای جەنگی یەكەمی جیهـانی جێگیركرا، چونكە پـەیمانی لـۆزان ئـەم مەسـەلەیەی بـەكراوەیی بەجێهێشـت، چارەسـەر كردنەكەشـی بەلیژنەیـەك سـپارد كـە (كۆمەڵـەی گـەلان – عصـبة الأمـم)پێكـی بهێنێت، واش چاوەڕوان ئەكرا ئەو مشتومڕەی لەسـەر مەسـەلەی نـەوتی موسـڵ و

کوردستان ئەکرا، بەلایەکدا بیخات و چارەسەری بکات، و ددان بە مافی کورددا بنێت لەو نەوتەدا، لەدواییشدا هەویەی تایبەتی کورد سەر لەنویێ بسەلمێنرێتەوەو بەڕوونی دەربخرێت کە کورد نەفارس و نەتورك و نەعەرەبە.

بۆ تێگەیشتن و چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد پێویست بوو" کۆمەڵەی گەلان – عصبة الأمم " رای ئەو لیژنەیەی خۆی پێکی هێناو سەری لەکوردستان داو لەدواییشدا راسپاردەو پێشنیارەکانیشی خستە بەردەم کۆمەڵەکە خۆی، کە بریتی بوون لەدامەزراندنی دەوڵەتی تایبەتی کوردستان، بەڵام ئەوە نەکرا، دیارە هۆی کاریگەریش هەر دۆزینەوەی نەوتە زۆرەکەی ناو کوردستان بوو، بۆیە.. بەو شێوەیە، وە بەپێی رێککەوتنی ساڵی ١٩٢٦ لەنێوان بەریتانیای گەورەو تورکیاو عێراقدا، ئەو سنوورەی ئێستا کە لەئارادایە، بڕیاری لەسەر دراو چەسپێنرا، بەو جۆرە هەرێمێکی گرنگ و گەورەترین ناوچەی نەوت بەسترایەوە بە عێراقەوە.

دابەشکردنی گەلی کورد هەر پێ بەپێی دابەشکردنی هەرێمی کوردستان کرا، چونکە بەرزو نزمی زەوی کوردستان فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ جۆری دابەشکردنەکە، سەبارەت بەوەی کە ناوچەیەکی شاخاوییەو سنوورێکی سروشتی لەبەینی سامی و هیندۆ ئەوروپییەکاندا دروست ئەکرد هەر پێش دەستنیشانکردنی ئەم دواییەی سنوورەکەش، کوردستان ناوچەیەکی بەرەنگاربوون و تامپونی بووە، زۆرکاتیش خودموختاری خۆی هەبووە، هەر لەکۆنیشدا خەتی

بەرەنگاربوونــەوەو شــەڕو شــۆڕی دەوڵــەتی بێــزەنتیش بەکوردســتان و عێراقدا تێپەڕ دەبوو.

ئــەمڕۆش کوردســتان و ئەرمەنســتان ڕۆڵێکــی لــەو بابەتــە دەبیــنن، چــونکە هێڵێکــی بــەرەنگاربوونی زۆر گــرنگتر پێــك ئــەهێنن، لەبەرئــەوەی هەردوو لایان یەك ناوچەی تامپونن لەنێوان تورکیاو ئێراندا.

ئــەو بــارە تامپونییــەی کــە کوردســتان تیایــدا جۆرێــك لــەخودمختاری هــەبووە، تورکیــا هەڵوێســتێکی دۆســتانەی بەرامبــەر وەرگرتــووە، چــونکە بەهۆی ئەو قەوارە کوردییەوە توانیویێتی ئارامی سەر سنوورەکەی لەگەڵ ئێراندا مسۆگەر بکات و بیپارێزێت، لە ئێرانیشدا کورد لــە بارودۆخێکی هــەمان شــێوەدا ژیــاوە. هــەر ســەبارەت بــەو هۆیانــەو لەبەرئــەوەی وەکــو ناوچــەیەکی شــاخاوی لەلایــەك و وەکــو ناوچــەیەکی نــزم لــەلای هــیلالی خەسیب کە هەلومەرجی ناوچەیەکی شەڕو پێکدادانی تەقلیدی هــەبووە لەنێوان هێزە دژ و ناکۆکەکاندا کە مەڵبەنــدە ســەرەکییەکانی هەریەکــەیان لــە ئــەنادۆڵ و فارســدا، یــان لــەبیابانی عەرەبــدا بــووە، لەلایــەکی تــر لەبــەر ئەوانە کــە جێگــەی کوردســتان هــەردەم خاســیەتێکی گــرنگ و هەســتیاری جۆپۆلیتیکی هەبووە.

## کوردستان وەکو ناوچەیەکی تامپونی

بــاری ســنووری کوردســتان خاســیەتێکی هــەرێمی تایبــەتی ناوچــەی تامپونی هەبووە، هەروەکو بەتایبەتی بۆ ئەوە دروست بووبێت کەبەکاری بەرەنگاربوون هەستێت، بۆیــە هــەر لــەدوای نیمچــە ئارامییەکــەی ســەدەی شــانزەیەم، کوردســتان کەوتــە وازیکردنــی ئــەو ڕۆڵــە، چــونکە دراوســێی

توركیاو ئێران و وڵاتانی عەرەب و رووسیا بووە[٣١]. دوای سەرکەوتنی تورکەکانیش بەسەر فارسدا لەسەرەتای سەدەی شانزەیەم، تورکیا دەستی کرد بە مۆڵکردنی هەندێ عەشایەری کورد لەسەر سنووری لای ئێران، کە ئێستاکە سنووری تورکیاو ئێران و یەکێتیی سۆڤیەت ئەگرێتەوە، بۆ ئەوەی پارێزگاری سنوورەکەی بەوان بکات. ئەو بارودۆخە وەکو ئەیبینین، تارادەیەکی زۆر، لەبارودۆخی ئێستای ناوچەکە ئەچێت.

بەو جۆرە کوردستانیش لەناو ئەو ناوچانەدایە کە نزیك بەبەشی رۆژئاوای هیندستانن[٣٢]، کە ئەفغانستان و ئێران و هەموو ناوچەکە هەتا فورات ئەگرێتەوە، ئەرکی ئەم ناوچەیەش وەکو بۆی دانرابوو، دروستکردنی سنوورێکی هێمن و ئارام بوو بۆ هیندستان، کە گرنگترین ناوچە بوو بۆ بەریتانیا، کاتێك رێککەوتنەکەی سیڤەریش لەساڵی ١٩٢٠دا[٣٣] مۆرکرا (وەفدێکی کورد ئامادەبوو)، لەو کاتانەی ئەو دەوڵەتانەی رێککەوتنەکەیان مۆرکرد، جۆرە راوبۆچوونێکیان هەبوو.. دەربارەی کوردستان کە بکرێتە ناوچەیەکی تامپونی بەتایبەتی بەریتانیای گەورە، بیری کوردستانێکی سەربەخۆی لا سەیر نەبوو، چونکە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی وا لە بەینی تورکیاو رووسیادا، بەر  ەوەندییەکانی خۆی زامن ئەکرد، بەتایبەتی بەریتانیا هەر مەبەستیشی ئەوە بووە کە ئەم دەوڵەتە لەژێر رکێفی خۆیدا بێت.

# جێگەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژی

# ئەم سەردەمەی کوردستان

جێگەی جیۆپۆلیتیکی و جیۆستراتیژی ئەم سەردەمەی کوردستان تا ئێستاش گرنگی خۆی پاراستووە، سەبارەت بەزۆر هۆ.. لەوانە:

أ.ئەم ناوچەیە نزیککردنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەجیهانی عەرەب بەتەواوی مسۆگەر ئەکات، جگە لە بایەخپێدانی یەکێتیی سۆڤیەت بە جیۆپۆلیتیکی ولاتە عەرەبییەکان بەگشتی، هاوپەیوەندیی یەکێتیی سۆڤیەت و ولاتە پێشکەوتووەکانی عەرەبیش بەهێز ئەکات لە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و سیستمی دەرەبەگی.

بۆیە دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان ئەتوانێت هەموو کاتێک پەیوەندی هەرێمیی نێوان یەکێتیی سۆڤیەت و ولاتانی عەرەب ئاسان بکات، بەوەش ئەو رۆڵەی تورکیا و ئێران ئەیبینن لەناو نەخشەی دابڕین و گۆشەگیر کردنی یەکێتیی سۆڤیەتدا تێك ئەشکێنێت.

ب.بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان، بیَ لایەن یان روو لە یەکێتی سۆڤیەت، وا لەیەکێتیی سۆڤیەت ئەکات کە ئەو تەوقەی پەیمانی سەنتۆ(٣٤) بەسەریدا ئەیسەپێنێت، تێك بشکێنێت، و لە ولاتانی عەرەبیش نزیك ببێتەوە، بەتایبەتی بەهۆی سوریاو عێراقیشەوە ئەتوانێت خۆی بگەیەنێتە سەر دەریا، کەئەوەش جێگەی رازیبوونی دەوڵەتانی خۆرئاوا نابێت، بۆیە گرنگی پەیمانی سەنتۆیان لا زۆر زیاتر ئەکات جگە لەوەی کە، هەر جۆرە قسەو وتوێژێکیش دەربارەی هەڵوەشاندنەوەی تاقمە سەربازییەکانی ئەم ناوچەیەی جیهان بکرێت، وە دەوڵەتانی خۆرئاوا

بەچـاوێکی گرنگـەوە وەری نـاگرن. لەلایـەکی تریشـەوە دامەزرانـدنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستان وا لەیەکێتی سۆڤیەت ئەکات کە نەك هـەر تـەنها بتوانێـت ئـەو تەوقـەی چـواردەوری تێـك و پێـك بشـکێنێت و بەس، بەڵکو سەبارەت بە خاسیەتی جیۆستراتیژی تایبەت بە کوردستان، ئـەو دەوڵەتـە ئـەبێت بەناوچـەیەکی تـامپونی تایبـەتیش بـۆ یـەکێتیی سۆڤیەت، هەرچەندە کۆمـەڵێك گیرو گرفت پەیدا ئەبن، لەوانە کێشـەی تاشناق..چونکە ئەرمەن وا هەست ئەکەن کە لەڕووی ئایینەوە زیاتر لە رووسـەکان نـزیکن و کلێسـەی ئەرسـۆزۆکس پێکیانـەوە ئەبەسـتێت و پەیوەندی تەقلیدی کۆنیش لەبەینیاندا هەیە، هەروەها ئەگەر کوردستان یەك بخرێتەوە، وا یەکێتیی سۆڤیەت لەکەنـداوی فـارس نزیـك ئەکاتـەوە.. چـونکە ئـەو دابەشـکردنەی کوردسـتان و ئەرمەنسـتانە کـە یـەکێتیی سۆڤیەتی لەکەنداوی فارس دورخستۆتەوە، هـەروەها بـوونی ململانێـی سـەر سـنوور لـەنێوان عێـراق و عـەرەبی سـعودی و کوەیـت و ئێـران و پێکهێنانی میرنشینەکانی خەلیج...ئەوانە گرنگی کوردستانیان زۆر زۆر زیاتر کردووە، بۆ بەستنەوەی دەریای ناوەڕاست بەکەنداوی فارسەوە. ئەمـەش لەپاشـەڕۆژدا ئەبێتـە هـۆی دروسـتکردنی بـۆری نـەوت لـەنێوان ئێران و کەنداوی ئەسکەندەرونەدا، بێ ئەوەی بەئەرزی عەرەبدا بڕوات.. ئەم خەتەی نەوت و ئەو خەتەی نێوان ئیلات و حـەیفا، ئەبنـە دوو خـەت، کە لەدەری ناوچەو دەستی عەرەبدا بن، بۆ وڵاتانی سەر حەوزی دەریای ناوەڕاست. پێویستە لێرەدا ئەوەش بڵێین کە بۆری نەوت لە بەینی شاری بتلیس و شاری سێرت دا هەیەو دەگاتە ئەسکەندەرونە. بـەڵام خەتەکـەی کەنداوی فارس– ئەسکەندەرونە تا ئێستا نەکراوەتەوە.

ئەو بارەی کوردستان وا لە حکومەتەکانی تورکیاو عێراق و ئێران و سوریا ئەکات کە دژی جوڵانەوەی کورد بن... جگە لەوەش ئۆتۆنۆمی لەکوردستانی عێراقدا کارێکی گەورە ئەکاتە سەر کوردەکانی تورکیا و ئێران، خۆ ئەگەر ئۆتۆنۆمی راستەقینەش لەعێراقدا هەبێت وا ئەبێتە هۆی بەهێزکردنی حکومەتی عێراق و کارێکی گەورەشی ئەبێت لەسەر کوردستانی ئێران... لەم رووەشەوە نابێت تاقیکردنەوەی ئازەربیجان لەبیربکەین کە چۆن بووە یارمەتیدەر بۆ دامەزراندنی کۆماری مهاباد[٣٥].

## جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی

١.گرنگیی مەڵبەندی پێکهێنەری ژیان بۆ کوردستان.

بێ گوێدانە گەورەیی یا بچوکی پانتایی کوردستان، تا ئێستاش ئەم وڵاتە پارێزگاری بایەخی مێژوویی خۆی کردووەو هەمیشە مەڵبەندی کۆبوونەوەی کوردەکان بووە.. لەسەر ئەو رووبەرەی کە لە گۆمی وان و ئەرمەنستانەوە درێژبۆتەوە تا موسڵی میسۆپۆتامیا، ئەم ناوچەیەش لەناو مێژووی رۆژگاری ناوچەکەدا، هەندێ جار خودموختاری خۆی هەبووەو جاری واش بووە هەر بەتەواوی سەربەخۆ بووە، هەرچەندە بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێت[٣٦].

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمیشدا بەدرخان کوردستانێکی سەربەخۆی دامەزراند، دەوڵەتەکەشی سنووری دیاری کراوی ئەو ناوچانەی گرتبووەوە کە دەکەونە نێوان وان و ورمێ و رەواندوزو موسڵ، بەشێك لەو ناوچانە لە ساڵەکانی بەشی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەمدا

لەژێر دەسەڵاتی مەحمود پاشادا بووە، کە لەبەغداوە بەرەو سنووری سووریا، تورکیا وە فارسی گرتبووەوەو لە ساڵانی ١٨٥٣-١٨٥٦ ناوچەکانی نێوان وان و بەغداش رزگارکران.

سەبارەت بەو گرنگییەی کوردستان لەڕووی جیۆپۆلیتیکیەوەو لەبەرئەوەی کوردستان بەشێوەیەکی وا دابەشکراوە کە ئەو خەتی دابەشکردنە بە ناوەڕاستیدا ئەڕوات و بەگرنگترین ناوچەکانیدا لە تورکیاو ئێران و عێراقدا تێپەڕئەبێت.. بۆیە ئەگەر ئەو دەوڵەتانە دەست بخەنە ناو کاروباری کوردی عێراقەوە وا کێشەکە لەسەر ئاستی جیهانی ئاڵۆزتر ئەکرێ.

٢.باری کۆمەڵایەتیی کورد لە تورکیاو ئێراندا

چالاکی ئەم سەردەمەی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لەسەر گۆڕەپانی عێراق، تا ئێستا نەیتوانیوە، هاوتایی سیاسی و ئابووری لەناو عێراقدا بەدی بهێنێت، کوردیش بەوە رازی نەبووە.. بەڵام گوزەرانی کورد لە تورکیا زۆر دژوارە، کوردی ئێرانیش هەر لەبارودۆخێکی نالەبەردا ئەژین.. بۆیە جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لەناو ئەو ژیانی چەوسانەوەیەوە هەنگاوی ناوە کە رێگە لەگەشەکردن و پێشکەوتنی گیراوە.

خۆ ئەگەر نەتەوەکانی تر هێزی خۆیان لەبوونی چەند فاکتەرێکی وەك ژمارەی دانیشتوان و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی، یەکێتیی داب و نەریت و تایبەتییە نەتەوەییەکان بەشێوەیەکی گشتی ببینن، وە ئەگەر لەدوای جەنگی جیهانی، ئەو نەتەوانە بەشێوەیەکی سەرنجڕاو چالاك بوون، بەتایبەتی ئەو نەتەوانەی کە لەژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بوون، وە کەڵکیان لە رووخاندنی ئەو ئیمپراتۆریەتە

وەرگرتبێت.. وا کوردەکان لەڕووی بوونی تایبەتێتی نەتەوایەتی خۆیانەوە.. لەو نەتەوانەی تر کەمتر نەبوون، بەڵام لەدوای رووخاندنی عوسمانییەکان، کورد لەناو بارودۆخێکی زۆر خراپدا خۆی بینیەوەو وای لێکرد کە لە ڕووی دابەشکردن و جیاوازی سنوورەوە لەو نەتەوانەی تر نەچێت، خۆ ئەگەر لەمەوپێش دوای شوانکاریی و رەوەندو گەرمیان و کوێستان کردن جێگیر بووبێت، وا تایبەتییە نەتەوایەتییەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی لەناو بەرزو نزمی زەوی و خەتی ڕێگەوبانی دیاریکراوی جوگرافییەوە گەشەیان کردووە، باری هەرێمەکەشی وەك ناوچەیەکی تامپونی... گرنگیەکی تایبەتی و سنوورداری بۆ رەخساندووە. بەڵام لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، باری ژیانی گۆڕا وە حاڵەتی دوژمانیەتییەکی زۆر توندو تیژ لە بەینی کوردو ئەو دەوڵەتانەی نیشتیمانەکەیان داگیرکردووە. نویێ بۆتەوە...

أ- بارودۆخی کورد لەتورکیا

زۆرترین ژمارەی کورد لەتورکیادایە، ئاشکراشە کە گوزەرانی کۆمەڵایەتییان لەهەموو شوێنێکی تر نالەبارو خراپترە، بەڵام لەبارودۆخی مێژوویی رابردوودا، گوزەرانیان خراپ نەبووە، بەتایبەتی لەسەدەی شانزەیەمدا، ئەوکاتەی تورکەکان پێویستیان بەیارمەتی کورد بووە، سەبارەت بە جێگەی هاوسنووریی ئەرزەکەی لەگەڵ وڵاتانی فارسدا، تورك پێویستی بەناوچەی بەرگریکردن بووە، لەبەرئەوە مێژووی ئەو سەردەمە دەری دەخات، کە هەندێ جار کوردەکان گەیشتونەتە پلەو پایەی بەرز لە دەوڵەتی تورکیادا، بەڵام لەسەدەی هەژدەو نۆزدەدا...و لەگەڵ بەرەو لاوازچوونی تورکیا، ئەو دەوڵەتە دەستی کردووە بە

ناوەندێتی کردنی فەرمانڕەوایەتی لەناوچەکانی کورددا لەترسی ئەوەی نەوەك کوردەکانیش داوای سەربەخۆیی بکەن.

ئا لێرەوە پەیوەندی نێوان کوردو تورك، سروشتی توندوتیژی دوژمنانەی بەخۆیەوە گرت و هەتا ئێستاکەش هەر بەو جۆرە ماوەتەوە، هەر ئەو دیاردانەش بوون پاڵیان بە کوردەوە نا کە چەند جارێك راپەڕێت.. ئەوە بوو لە ساڵەکانی ١٨٠٤-١٨١٨-١٨٣٠-١٨٣٦و ١٨٤٣... هتد جولانەوەو راپەڕینی کردووە، بەلام ئەو راپەڕینانە سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، شۆڕشەکەی گەنجانی تورکیش کە مافی یەکسانی هەموو نەتەوەو تیرەیەکی کردبوو بە دروشم و بلاویشی کردبووەوە.. بەرامبەر بەکورد نەك هەر بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکرد بەڵکو هەر ژیانی لە جاران خراپتر کرا، بەهۆی بیرو باوەڕی شۆڤێنییان بەرامبەر بەگەلانی تر.

بۆیە لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا تورکەکان نەیانتوانی کورد بەلای خۆیاندا رابکێشن لەدژی دەولەتە سوێند خۆرەکان، تا ئێستاش بارو گوزەرانی تایبەت بە کورد بەرەو باشە نەچووە، هەرچەند لەمەوبەر هۆو زەمینەی لەبار بۆ ئەو باشکردنە هاتبووە ئاراوە... بەتایبەتی ئەو کاتەی ٧٢ نوێنەری کورد هاوبەشیی کاروباری ئەنجومەنی گەورەی یاسادانانی تورکیایان ئەکرد.

کاتێکیش مستەفا کەمال لەساتەکانی جەنگی یەکەمدا جولانەوەکەی دژ بە پەلاماری داگیرکەرانەی ئیمپریالیزم دەست پێکرد، کوردەکان هاوکارییان کرد، بەلام هەر دوای ئەوەی جولانەوەکە بەهێز بوو ئیتر دەستیان کردەوە بە تورك کردنی کەمینە نەتەوایەتیەکانی تر،

لەئـەنجامی ئـەو سیاسـەتەو لەسـاڵی ١٩٣٢دا کـورد ناچـار کـران بـەرەو ناوچـە جـۆر بـەجۆرەکانی تورکیا کـۆچ بکـەن و تیایـدا نیشـتەجێ بـن تـا ڕێژەی ژمارەیان گەیشتە لە ٥٪ی کۆی دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

ئەو بارو گوزەرانـەی کـوردی تیـادا ئـەژیا، بـووە هـۆی ڕاپـەڕینی نـوێ، بەتایبەتی ڕاپەڕینەکـەی سـاڵی ١٩٢٥و ڕاپەڕینـە بەناوبانگەکـەی دەرسـیم لەسـاڵی ١٩٣٧دا، ئـەوە بـوو کوردەکـان دووچـاری هـەموو جـۆرە ئـازارو ئەشکەنجەو دەربەدەر بوونێك کران، بەچەشنێك کە لەگەڵ ڕەوشـت و ئـەو ناوبانگـەی تـورکی پـێ ناسـرابوو بگونجێنێـت(٣٧). کەچـی دوای ئـەوە لێپرسراوەکانی تورکیا بڵاویان ئەکردەوە کە هیچ کێشەیەك لەئارادا نییـە ناوی کێشەی کورد بێت.

لەسـاڵی ١٩٣٧یشـدا پـەیمانی سـەعد ئابـاد مـۆرکرا، لـەناو ئامانجـە بنچینەییەکانیدا: دژایەتی کردنی کوردو مەسەلەکەی بوو، دوای جـەنگی دووەمـی جیهـانیش، دیسـان ئـەو کـارو ئامانجـە خرایـە سـەروو هـەموو ئەرکـەکانی پـەیمانی بەغـداوە، لەگـەڵ ئـەو ڕاستیانەشـدا هەنـدێ جـار خـــەباتی ڕزگاریخوازانـــەی کـــورد و ئـــەوەی نـــاو دەبرێـــت بە"خـــەتی بڵاوبوونـــەوەی کۆمـــۆنیزمی جیهـــانی" تێکـــەڵ ئـــەکرێ و هـــی وا هەیـــە پێکیانەوە ئەبەستێت.

هەرچـەندە جوڵانـەوەی ڕزگاریخوازانـەی کـورد ناوبـەناو چـالاك بـووە، بـەڵام هەمیشـە کـاتی و بـێ ئـەنجام کۆتـایی هـاتووە، بۆیـە ڕووداوەکـان کـارێکی زۆر گـەورەیان لەسـەری کـردووە، جوڵانەوەکەشـی هـەر جـۆرە گەشـەکردنێکی کردبێـت.. هـەر زوو پـەلاماریان داوەو هـەر لەسـەرەتاوە لەناویان بردووە.. بەجۆرێك کە تاکو ئێستاش لەتورکیادا بەڕەسمی ددان

بەبوونی کورددا نەنراوە، هەرچەندە کەسیش ناتوانێت نکوڵی لەوە بکات کە زمانەکەیان هەر بەتەواوی لەزمانی تورکی جیاوازە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر بە"تورکی شاخاوی" دائەنرێن.

ناسکی و گرنگی مەسەلەی کورد لەتورکیادا بە درەوشاوەیی لەناو یاسای قەدەغەکردنی هاتوچۆکردندا دەرئەکەوێت کە تاساڵی ١٩٦٣لە ناوچەکانی رۆژهەڵات و خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیادا بەردەوام بووە، ئەو ناوچانە تێکرا بەناوچەیەکی سەربازی دانرابوو... بۆیە رێگەی هیچ کەسێك نەئەدرا سەر لەو ناوچانە بدات یان بەناویا گوزەر بکات، بەبێ رێگە پێدانی تایبەتی لێپرسراوان، لەم دواییەشدا کەمێك گۆڕان بەسەر ئەو یاسایەدا کرا و بەند کرا بەسنووری حەوت ویلایەتەوە کە هەمووی ناوچە سنوورییەکانی ئێران و عێراق و سوریای گرتبوەوە... وە هەر بەسنووری دیارکراوی شارە کوردنشینەکانی ئورفە- دیاربەکر- ماردین-سیرت-وان-بتلیس و هەکاری ئەگرتەوە.

بەو جۆرە تا دێت مەسەلەی کورد ناسکتر ئەبێت، بەڕادەیەك تورکیا پەردەیەکی رەشی داوە بەسەر ژیان و گوزەرانی کورددا، وە تا لەزەویدا بێت نایەڵێت دەنگی ناڕەزایی دانیشتوانی کوردستان بگاتە رای گشتی جیهانی، ئەگەر بەنهێنیش بێت. هەر لەو کاتەدا بە ئاسانی و سەربەستی هاتوچوون بۆ ناوچەکانی سەر سنووری تورکیا- یەکێتیی سۆڤیەت کراوە، توانراوە بەسەربەستی بەناویدا بگەڕێن، کە ئەمیان بەلای دەوڵەتانی خۆرئاواوە.. لەڕووی ستراتیژی سەربازییەوە گرنگترە لەناوچەکانی سنووری تورکیا-عێراق-سوریا و ئێران، کە بارودۆخی

سیاسی ئەم ناوچانە تا رادەیەك وەكو یەكن، ئیتر بەوەدا جیاوازی نێوان دیاردەكان و ناسكی مەسەلەی كورد دەرئەكەوێت.

ب.كورد لە ئێران

دیسان كورد لەسەدەی حەڤدەیەمدا جۆرە خودموختارییەكی لە كوردستانی ئێراندا هەبووە، بەڵام لەگەشەكردنی نەتەوەی فارسدا.. باروگوزەرانی خراپ بووە. لەبەرئەوە پاشەرۆژی كوردی ئێران بە چارەنووسی كوردی توركیاو عێراقەوە بەسترایەوە، ئەم بەستنەوەیەش زیاتر لە دامەزراندنی كۆماری مهاباد لە ساڵی ١٩٤٦دا روون بووەوە ئەو كۆمارەش كوردستانی ئێرانی بە مۆركێكی تایبەتی و قوڵ نیشانە كرد كە تا ئێستاش ئەو نیشانەو شوێنەوارە تایبەتیانەی مهاباد خوڵقێنەری رووخساری چەسپیوی سیاسی و كۆمەڵایەتیی كوردستانی ئێرانە.

خۆ ئەگەر هەردوو زمانی فارسی و كوردی لەیەك بچن، وا لەگەڵ ئەوەشدا، ماوەی هیچ جۆرە مشتومڕێك لەسەر ئەو نییە كە كورد خەسڵەتە تایبەتیە نەتەوایەتییەكانی خۆی هەیە. كەچی لەگەڵ ئەوەشدا باری سەرنجی رەسمی دەوڵەتی لە ئێران، ددان بەهیچ كێشەیەكدا نانێت كە كێشەی كوردی ناوبێت، هەرچەند ئێرانیەكان، بەگشتی هەبوونی كورد ئەسەلمێنن، بەڵام ئەوەش بێ بایەخە.. چونكە ئەوان لەباشترین حەڵەتدا ئەڵێن وڵاتی فارس چەند كەمینە نەتەوایەتییەكی تیادا ئەژی و لەسەر داب و نەریت و تایبەتێتیە مێژووییەكانی شاهەنشاهی پەروەردە بوون...

دوای سەرنەكەوتنی راپەڕینەكەی سمكۆ لەساڵی ١٩٢١-١٩٢٥ لەناوچەی گۆمی ورمێ، وهاتنی رەزا خان و بوونی بەشای ئێران لەساڵی

١٩٢٥دا... ئێران دەستی کرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ناوەندی ڕاستەوخۆ، کە هاووێنەی ئەو سیاسەتەی ئەمڕۆی ئێرانە. هەموو ئەوانە وا دەرئەخەن کە کوردی ئێران هەروەکو کوردەکانی تورکیا...لەم سەردەمەدا توانای خەباتی چەکدارانەی نییە[٣٨].

٣. گەشەکردنی جولاٌنەوەی ڕزگاریخوازانەی

کوردو دامەزراندنی کۆماری مهاباد

مێژووی کورد پڕە لە جولاٌنەوەو ڕاپەڕین، زۆر جاریش توانیویانە چەند ناوچەیەکی کوردستان ڕزگار بکەن و سەرکەوتوانە ژیانی خۆیان لەسەر شێوەی تایبەتی کوردەواری و بەپێی خواستی خۆیان ڕێکبخەن، هەرچەندە ئەو ڕاپەڕینانە زۆربوون و لەماوەی سەدو پەنجا ساڵی ڕابردوودا لەدەیان تێپەڕی کردووە، بەلاٌم زۆربەی تا ڕادەیەك کورتخایەن بوون.

سەرئەنجامی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکانی کورد ئەمانگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ئەبێت کورد شان بەشانی خەباتی چەکداری سوود لەهەوڵ و توانای دیبلۆماسی و سیاسییەکانی تریش وەربگرێت، چونکە زۆر دەمێکە.. هەر لەکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تا ساڵی ١٩٢٣ ئەو ڕێبازەی نەگرتووە.

لەدوای شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەریش لە ڕووسیاو، کارتێکردنی باشی لەسەر بارودۆخی ڕۆژهەلاٌتی نزیك، کورد ئەیتوانی دەست بداتە خەباتی سیاسی، بەلاٌم دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە پاش مۆرکرنی پەیمانی ئاشتی لە "مۆدرۆس" ئەو نامانە چەسپێنرا، کورد یارمەتی مستەفا کەمالیان دا.. چونکە وا چاوەڕوانیان

ئەکرد کە لەو سەردەمە نوێیەی تورکیادا مافە نەتەوەییە رەواکانی خۆیان دەستگیر ئەبێت...

پەیمانی سیڤەریش–۱۹۲۰ تا رادەیەکی زۆر هەلومەرجی باشتری بۆ کورد رەخساند لەڕووی توانستی دەستگیربوونی ئۆتۆنۆمی و پێکهێنانی دەوڵەتێك کە ناوچە کوردنشینەکانی ولایەتی موسڵیش بگرێتەوە. بەڵام هەموو ئەوانە لەگەڵ مۆرکردنی پەیمانی لۆزاندا بوون بەهەڵم و چوون بەئاسماندا... ئیتر خۆیان لە ناوهێنانی کوردیش گێل کرد، کوردستانیش دابەشکراو پارچەکانی لکێنرا بە تورکیاو عێراق و سوریاو ئێرانەوە، ئەوەش زیاتر هەڵوێستی ئاڵۆزکردن و، بووە هۆی روودانی گەلێ راپەڕینی نوێ، گرنگەکانیان لەساڵانی ۱۹۲۵–۱۹۳۰–۱۹۳۷–۱۹٤۳بەرپابوون و دواییەکەشی راپەڕینەکەی ساڵی ۱۹٤٥بوو کە لەئەنجامیدا گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا.. کە دامەزراندنی کۆماری مهاباد بوو(٤٠).

لەفاکتەرە جەوهەرییە یارمەتیدەرەکانی دامەزراندنی کۆماری مهاباد، بەتەنها خەباتی چەکداری نەبوو، بەڵکو دامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستان –ساڵی ۱۹٤٦و هاوبەشیکردنی مستەفا بارزانیش رۆڵیان تێدا بینیوە، لە ساڵی ۱۹٤٥دا ئازەربایجان خودموختاری خۆی دامەزراند، هەرچەند لەگەڵ کوردستاندا لەباردۆخێکی سیاسی سەختدا ئەژیان لەڕووی جێگەی نێودەوڵەتانی هەریەکەیانەوە، کەچی لەسەر هەندێ باری سەرنجی چەوت لەسەر سنوور.. ناکۆکی و ململانێی لەبەینیاندا دەستی پێکرد، چونکە کوردەکان رایان وابوو کە ئەبێت سنوورەکەیان بەورمێدا تێپەڕببێت.. لەکاتێکدا کە هەردوو شاری

شاپورو رەزائیە[٤١] کە ئەکەوێتە رۆژئاوای ورمێ وە و زۆربەیان ئازەری بوون، دیارە لەوەدا پاڵپێوەنەری ئابووری و بەرهەمهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، بەهۆی سەرەکی دروستکردنی ئەو ناکۆکییە بوون. بەڵام سۆڤیەتییەکان لایەن وابوو کە پێویستە ئەو ناکۆکییەی سەر سنوور دوا بخرێت بۆ ئەوکاتەی چارەسەرێکی یەکجاری مەسەلەی یەکگرتنی کوردستانی گەورە ئەکرێت. ئەوی راستیش بێت شێوەی جوگرافی کۆماری مهاباد بەهیچ جۆرێك رێگەی ئەوەی نەئەدا کە ئەو کۆمارە ساوایە رۆڵێکی بەکار بگێرێت لە یەکگرتنی کوردستاندا لەگەڵ ئەوەشدا کۆماری مهاباد بەناوکێکی بنچینەیی دائەنرا بۆ هەموو کوردستان، وە ئەوەش لە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق کە لە ساڵی ١٩٤٦دا دامەزرا، باسکرابوو، وە هەر ئەم پارتییەش رێککەوتنەکەی ١١، ئازاری ساڵی ١٩٧٠ی لەگەڵ عێراقدا هێنایە کایەوەو مۆریان کرد[٤٢].

٤. کوردی عێراق دوای مهاباد

یەکێك لەشوێنەواری کارتێکردنی کۆماری مهاباد لە ئێران... بڵاوبوونەوەی بیری کوردستانێکی سەربەخۆ بوو لەناو کورددا، ئیتر سەبارەت بەوە لەساڵی ١٩٦٠دا جوڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد لەکوردستانی عێراقدا پەرەی سەندووەو لەدواییشدا بۆتە هۆی مۆرکردنی رێککەوتنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٧٠ لەنێوان کوردو دەسەڵاتدارێتیی عێراقدا[٤٣]. گومانیش لەوەدا نییە کە سەرکەوتنەکانی خەباتی کورد لەعێراقدا، توانای ئەوەی هێنابووە کایەوە کە ببنە هۆی جێگیرکردنی دەستکەوتی سیاسیی هەمیشەیی. کاتێك لەباسی سەرکەوتنەکانی جوڵانەوەی کورددا تەنها پەنجە بۆ عێراق درێژ ئەکەین...هۆیەکەی

ئەگەڕێتەوە بۆ، هەر وەکو لەمەوپێشیش روونمان کردەوە، جوڵانەوەکە کە تا رادەیەك هەر لەناو عێراقدا سنووردرا بووە و بۆ ئەوەی هیچ بیانوویەك دەست دوژمن نەکەوێت و جوڵانەوەی کورد تاوانبار بکرێت بە دەستوەردانە ناو کاروباری ناوخۆی تورکیاو ئێرانەوە...سەرباری ئاڵۆزیی بزوتنەوەی کورد خۆیشی لە نێو دەوڵەتاندا.

دوای رووخاندنی کۆماری مهابادو کشانەوەی بارزانی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٦داو ئینجا گەڕانەوەی لە ساڵی ١٩٥٨دا لە دوای رووخاندانی رژێمی پاشایەتی... بارێکی گونجاوو باشتر بۆ مەسەلەی کورد هەڵکەوت و لە ماددەی سێی- خاڵی یەکەمی دەستوری نوێدا کە لە ١٩٥٨/٧/٢٧ بڵاوکرایەوە زامنی مافە نەتەوەییەکانی کوردی تیادا کرا- بەلای کەمی- ئەگەر بەنووسینیش بێت، بەوەش مافی هاوسانی لەنێوان کوردو عەرەبی عێراقدا خرایە پێش چاو و کورد توانی بگاتە پلەو پایەی بەرزی فەرمانبەری، لە کابینەی عێراقدا چەند ئەندامێکی درایە.. هەرچەندە لەزەمانی کۆنیشدا هەر هەیبووە بەڵام بەکردار رۆڵێکی ئەوتۆیان وازی نەئەکرد، کورد مافی ئەوەی هەبوو رۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بەخۆی دەربکات، بەڵام ئەوانە هەمووی بەسترابوونەوە بەخواستی حکومڕانییەوە لەهەوڵدانیدا بۆ جێگیرکردنی پایەکانی خۆی. هەرچەندە دوای ئەوە، روونتر لەساڵی ١٩٦١دا پاشگەزبوەوەو کەوتە قەدەغەکردنی چاپەمەنییە کوردییەکان و رێگرتن لەهەموو جۆرە چالاکییەکی پارتی دیموکراتی کوردستان...بارەکە زیاتر ئاڵۆز کرا تا سەرلەنوێ پێکادان و شەڕو بەرەنگاربوونی چەکدارانە لەنێوان کورد و میریدا دەستی پێکردەوە.. شەڕو پەلاماردانی دڕندانە لەدژی کورد دەستی پێکرد... شان

بەشانی ئەوەش هێرشی سیاسی و ناڕەوای ئەکرایە سەر، تا کار گەیشتە ئەو رادەیەی نکوڵی لەمێژووی کوردو ژیانی ناو نیشتیمانی مێژوویی و تایبەتی خۆشی بکرێت، لەوەش خراپتر کەوتنە دەربەدەر کردن و راگوێزانی زۆرەملێ و ئینجا تاوانبارکردنی جوڵانەوەکەی کە گوایە بەدەستکەوت و دەسەڵاتی کۆمۆنیزمی ناوچەکەوە بەستراوەتەوە، هەندێ جاری تریش بەوابەستە بە ئیسرائیل و کۆمپانیا بیانییەکانی نەوتەوەو، ئیتر جۆرەها تاوانی تر...

لەگەڵ ئەوانەشدا، حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان، نەیانتوانی عەرەب لە دژی کورد هانبدەن و بیانکەن بە گژیدا، هەرچەندە شەڕی نێوان هەردوولاو، ئینجا رێککەوتنە جۆر بەجۆرەکان و ئاشتبوونەوەو، سەرلەنوێ نوێبوونەوەی شەڕو پەلاماری هەمیشەیی.. کاریان کردە سەر بارودۆخی عێراق وە کێشەی ناوخۆو دەرەکییان دروستکرد، بەجۆرێك کە هێنانە کایەی حکومەتێکی پێشکەوتنخوازی کردە پێویستییەکی زۆر گرنگ تا بتوانێت چارەسەری ئەم کێشەیە بکات.

یەکەم هەنگاوی گرنگ کە کوردی عێراق بەدەستی هێنا، رێککەوتن بوو لەسەر ئەو بەرنامەیەی حکومەت کە لەساڵی ١٩٦٦دا بڵاوی کردەوە، و بریتی بوو لە دوانزە خاڵ، بەوەش حکومەتی عێراق ددانی نا بە نەتەوەی کوردو مافەکانیان... لەناو زامنکردنی یەکێتیی سنووری عێراقدا کە هەردوو گەلی سەرەکی کوردو عەرەبی لەسەر ئەژی و ئەبێت هەر دوولا خاوەنی ماف و ئەرکی وەك یەك بن لەناو یەك نیشتیماندا.

ئەنجامی گرنگتر لەوە لە ساڵی ١٩٧٠دا هاتە کایەوە، چونکە لەو ساڵەدا حکومەتی نوێی بەعس بڵاوی کردەوە کە مەسەلەی کورد

چارەسەر کرا، بەرامبەر بەوە کوردیش بڵاوی کردەوە ئەو ڕێککەوتنە نوێیە لەگەڵ میریدا تا ئێستا باشترین بنچینەیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد... زیاتر لەوەش لێبوردنی گشتی بۆ هەموو سەربازو خەڵکانی هاوبەش لەڕووداوەکانی سەروودا، دەرکرا، دان نرا بە مافی کورددا لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی و لەسەر زەوی خۆی، لەهەمان کاتیشدا بڕیاردرا کە زمانی کوردی زمانێکی ڕەسمی بێت لە وڵاتدا.. بڕیار درا جێگری سەرۆك کۆمار کورد بێتو کورد بەپێی ڕێژەی ژمارەی لەکۆی دانیشتوانی عێراق نوێنەری لەئەنجومەنەکانی یاسادانان و جێبەجێکردندا هەبێت... زیاتریش لەوە خوێندن لەزانکۆدا بەزمانی کوردی ئەبێت و بەزمانی کوردی بەرنامە لە تەلەفزیۆنی ناو کوردستاندا بڵاو ئەکرێتەوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا زۆر مەسەلە هەیە تا ئێستا روون نین، بۆ نموونە وەرگرتنی بەشی نەوت بەپێی ژمارەی دانیشتوان چۆن ئەبێت و.... ئایا لەشکرەکەی بارزانی چی لێدێت..؟ هتد..ئاشکراشە کە بەدیهێنانی هاوسانی تەواو و ئارامییەکی هەمیشەیی.. پێویستیان بە کۆششی گەورەو وەختێکی زۆر هەیە..

# بەشی دووەم

-ئەرمەنستان و کوردستان...

-ڕێگەوبان لەکوردستاندا...

-جێگەی جیۆپۆلیتیکی و ستراتیژیی ئەم سەردەمەی کوردستان...

-ئابلۆقەی سوریا...

-ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پەیمانی سەنتۆ و ناتۆ...

-پەیوەندییەکانی ناوخۆی دەوڵەتانی ئەندام لە هەردوو پەیمانی سەنتۆ و میدۆدا....

-پەیمانی میدۆ و پاراستنی ناوچەکانی نەوت...

-گرنگی جیۆپۆلیتیکی تایبەت بە کوردستان ...

- کۆتایی...

# ئەرمەنستان و کوردستان

دەستنیشـــانکردنی ئـــەو ناوچـــانەی کوردســـتانی کیشـــوەری، یـــان کوردستانی گەورە پێك ئەهێنن..کێشەی ترمان بۆ قوت ئەکاتەوە، چونکە جگــە لــە چــواردەورە درانــی کوردســـتان بەدەوڵــەتانی دراوســیٚ، یــان زەحمەتی دەستگیربوونی زەوی لەسەر دەریا، مەسەلەیەکی تری تایبەتی دێتە کایەوە، ئەویش پەیوەندی ناوەڕاستی کوردستانە بەئەرمەنستانی مێژوویی گەورەوە، کەئەویش هەر وەکو کوردستان لەدەوری دەریاچەی وان مەڵبەندێکی پێکهێنەری ژیانی هەیەو زۆر لەئەرمەنە کۆچکەرەکان، ئــەمڕۆ ناوچــەکە بــە بەشــێك لەئەرمەنســتان دائــەنێن، بەتایبــەتی ئــەم راوبۆچوونە دیدی پارتە بۆرژواکانی ئەرمەن بووە.

لــەپێش جــەنگی دووەمــی جیهانیــدا، پــارتی تاشــناقی دژ بەیــەکێتیی ســۆڤیەتیش ســەیری راپەڕینــە بەناوبانگەکــەی ئــاراراتی وا ئــەکرد، کــە پارتی خۆیبوون لەساڵی ١٩٣٠دا پێی هەستا.. کە جۆرە مەترسییەکی لەسەر ناوچەی ئەرمەنستانی گەورە هەیە... چونکە ئەو حیزبە زۆرترین بەشــی ناوچــەی کوردســتانی تورکیــای بــە پارچــەیەك لەئەرمەنســتانی مێژوویی دائەنا. هەر وەکو چۆن لەبەندەکانی رێککەوتنی ئاشتیدا کە لەساڵی ١٩١٩دا لەپاریس مۆرکرا...دیاری کرابوون.

ئاشکراشــە هــەموو ئــەو خاسیــەتانەی لەســەرەوە باسـکران: (ژمــارەی دانیشتوان..نیشــتەجێبوون، ســنووری هــەرێمی، زنجــیرەی گونجــاوی یەکبوونی ئەرزی نەتەوایــەتی.. هتــد) هــەموو ئــەو فاکتــەرانــە پێــك ئــەهێنن کــە دامەزرانــدنی دەوڵەتــە چــاوەڕوانکراوەکەی پێــوە بەســتراوە، لەگــەڵ

ئەوەشدا پێویستە ئەو گرنگییە زیاتر لەقورسایی خۆی قەبە نەکرێت، چونکە لەسەروو هەمووشتێکەوە هەستی نەتەوەیی بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی گەل، گرنگترین هۆیە، ئەم هەستەش لای کوردەکان بەتەواوی جێگەی خۆی گرتووە، و لەگەڵ واقیعەکەیاندا جوت بووە، وە بەهۆی ئەو خەباتە دوورو درێژو نەبەزانەی کە رەگ و ریشەی لەناویاندا داکوتاوە، بنچینەکانی ئەو هەستەیان لا چەسپیوەو پارێزگاریشیان کردووە.

## ریگەوبان لە کوردستاندا

کوردستانی کیشوەری خاوەنی جێگەیەکی زۆر نایابی رێگەوبانە، هەرچەندە دابڕاوبێت و زەویشی لەسەر دەریا نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم بایەخێکی گەورەی هەبووە لەڕووی رێگەو بانەوە، سەبارەت بەوەی کە سەرە رێگەو ناوچەیەکی ترانزیتییە لە مەڵبەندی ژیانی کیشوەریدا لەبەینی دەریای رەش و دەریای قەزوین و دەریای ناوەڕاست و کەنداوی فارسدا..ئەوەشمان لا ئاشکرایە کە خەتی ئاسن بە ناوچەکانی کوردستانی تورکیاو سوریاو عێراقدا تێپەڕئەبێت و هۆیەکی پەیوەندی راستەوخۆو یەکسەری لەنێوان وڵاتی فارس و تورکیادا پێکدەهێنێت.

ئەو رۆڵە ناوەڕاستییە ترانزیتییە، بۆی هەیە بایەخی ئابووری کوردستان زۆر گەورە بکات..ئەگەر پەیوەندی سیاسیی خواستراو و ئاسایی لەنێو دەوڵەتانی ناوچەکەدا بەگرنگی وەربگیرێت، کە لەبارودۆخی باشدا ئەتوانرێت بهێنرێتە دی.

ئەوانـە جگـە لـە رۆڵـە مێژووییـە گـرنگ و بەردەوامەکـەی لـەڕووی خواستی هەرێمییەوە بۆ دەوڵەتێکی گەورەو جێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی و جیۆسـتراتیژی، کـە ئەوسـاو ئێسـتاش یەکێکـە لەهۆیـە گرنگـەکانی بـەر بەرهەم خستنی نـەوت، نرخـی بنچینەیی ئـەوەش لەوەدایـە کـە ئارەزووە تەقلیدییەکـەی دەوڵەتـە زلهێزەکـان روون ئەکاتـەوەو تـێ ئەگـەین بۆچـی دەسـت درێـژی ئەکەنـە سـەر گـەلان و ئەیانـەوێت ناوچـەکان داگیربکـەن و بیانخەنــە ژێــر دەســەڵاتی خۆیانــەوە. زۆر ئاشکراشــەکە، ئــەم ئەڵقــە کیشـوەرییەی نێـوان رێـڕەوی ئاوەکـان و گردبوونـەوەی لـە Rimlandدا بەتایبەتی لەسەر خەتی ترانزێتـی رووەو هیندسـتان و دەوڵەتـە دەریاییـە زلهێزەکــان و پــەلامارەکانی رووســیا لــەHertlandدا... ئــەم ئەڵقــە کیشوەرییە وای لێهات سەرنجی دەوڵەتـە زلهێزەکان رابکێشێت، لـەپێش هەموویانـەوە: رووسـیا، تورکیـا و بـەریتانیا. بێگومـان ئـەو سـەردەمەش نائاسـایی بـوو کـە پێشـەکی پێشـبینی لەتـەماعی عـەرەب و فارسـەکان بکرێت کە لەدوای دەوڵەتە زلهێزەکان بەپلەی دووەم ئەهاتن، ئەوە ئەگـەر هەموو کوردستان، لەخواستی داگیرکردنیدا پێکەوە وەربگرین و جێگـەی سەرنج بێت.

## جێگەی جیۆپۆلیتیکی و ستراتیژی

## ئەم سەردەمەی کوردستان[٤٤]

سەبارەت بەخاسیەتی جیۆستراتیژی تایبەت بەکوردستان، ئەو دەوڵەتەی دائەمەزرێت، ئەبێتە ناوچەیەکی تامپونی تایبەتی بۆ یەکێتیی سۆڤیەت...ئەم دیاردەیە وا لە پەیمانی سەنتۆو پەیمانی میدۆ ئەکات ئەو هەڵوێستە دژە بەرامبەر بە کوردو مافەکانی لەسەربەخۆیی و یەکبوونیدا وەربگرن، وە ئەوەندەی کورد یەکخستنی نیشتیمانەکەی خۆی لا گرنگە، بەو رادەیەش ئەو دەوڵەتانەی لەڕێکخراوە سەربازییەکانی سەنتۆو میدۆدان وا سەیری ئەو یەکبوونەی کورد ئەکەن کە کۆسپی جێبەجێکردنی نەخشەکانیانو، یەکگرتنی ئابووری و گەشەکردنی ڕێگەو بانەکانیانە (پۆست و بروسك و تەلەفون و ئەم جۆرە شتانەی تر).

لەدووەم کۆبوونەوەی پەیمانی میدۆ لەساڵی ١٩٦٥دا بڕیار درا چەند لیژنەیەکی جۆراو جۆر دروست بکریٚ، لەوانە لیژنەیەکی ئابووری بوو، ئەوەش پەیوەندی ئەم پەیمانەی لەگەڵ ڕێککەوتنی هاوکاری هەرێمی دا روون ئەکاتەوە کە دیسان لەهەمان دەوڵەتانی پێکهێنەری ئەو پەیمانە دروستکرا، واتە: تورکیا، پاکستان و ئێران، ئەم دەوڵەتانەش هەوڵێکی تایبەتی و هاوبەشییان ئەدا بۆ ئەوەی سوود لەئاوی هەردوو رووباری دیجلەو فورات وەربگرن.

دوای ئـەوەی عێـراق لەپـەیمانی سـەنتۆ کشـایەوە، ئـیتر ئـەبوو ئـەم مەسـەلەیە بەشـێوەیەکی تـر چارەسـەر بکرێـت، بـەڵام تورکیـا لـەم سەردەمەدا بارودۆخەکەی باشترە چونکە لەئاودا دەوڵەمەندە.

بەگشتی پـەیمانی سـەنتۆ ئەیـەوێت لەهـەموو روویەکـەوە پێشـکەوتن بەدەسـت بهێنێـت و توانسـتی زانسـتیی خـۆی پەرەبسـەنێت... هـەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٩یشـەوە، دامـەزراوێکی زانستیی ئـەتۆمی لـەتاران دامەزراند، ئەوەش لەگەڵ بۆچونەکانی ئەو پەیمانە لەم بوارەدا ئەگونجا.

ڕووداوەکـانی دوا جـەنگی جیهـانی لـەناو سیاسـەتی ئابڵوقـەدانی یـەکێتیی سـۆڤیەت دەسـتبەرداری هەنـدێ لەناوچـەکانی خـوارووی قـەوقاس نابێـت.. بەتایبـەتی ناوچـەکانی کـارس و ئـەردەهان کـە لـەژێر دەسـەڵاتی رووسـیای قەیسـەری دا بـوون، ئـەوەش پـاڵی بەیـەکێتیی سۆڤیەتەوە نـا بـۆ یارمەتیـدانی جوڵانـەوەی کـورد لـە ئێـران و بەهـەمان شێوەش یارمەتی ئازەربیجان بدات لەلای سنووری ئەفغانستانەوە.

لەساڵی ١٩٤٦یشدا ململانێی سیاسی پەیوەندی بەکەنداوی فارسەوە خەریك بوو وا لە عەرەبەکان بکات کە رێکخراوی سەربازی دروست بکـەن بـۆ وەسـتان بەرامبـەر هـەر هەڕەشـەو تـەماعێ کـە لـە دەرەوەی سـنوورەکانیان سـەر هەڵبـدەن. لەکاتێکـدا کـە یـەکێك لـەکارە هـەرە گرنگـەکانی سـەر ئاسـتی جیهـانی پـەیمانی میـدۆ.. تـەواوکردنی ئابڵوقـەدانی یـەکێتیی سـۆڤیەت بـووە، بەسـوود وەرگـرتن لەشـێوەی لاکێشـەیی و رووبـەری جۆراو جۆری زەوی هەریەکە لـە تورکیاو ئێران، هـەر وەکـو شـێوەیەکی رەخسـاو و گونجـاو لەگـەڵ رەوتـی گشـتی Rimlandدا، جگـە لـەوەش لای دەریـای رەش و دەریـای قـەزوین

ئەتوانرێت یەکێتیی سۆڤیەت ئابڵوقە بدرێت، چونکە ئێران و تورکیا هاوسنوورن لەگەڵیدا، هەرچەندە ئەفغانستانیش حاڵەتێکی تایبەتی هەیە.. بەهۆی ئەوەوە کە پاکستانی رۆژئاوا لەیەکێتیی سۆڤیەت جیا ئەکاتەوە... مانای لەبەرئەوەی دەوڵەتێکی تامپونییە(٤٥).

لەوانەوە هەمووی ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە، ئەو فاکتەرانە بەکۆمەڵ دەبنە کەلەبەری ستراتیژی لەبەردەم یەکێتیی سۆڤیەتدا...بەرامبەر بەوەش زۆربەی ئەندامانی پەیمانی میدۆ بەستراونەتەوەو ئەوەی لایان گرنگ بێت دروستکردنی بارێکی پارێزەری ستراتیژییە لەدەوری خۆیان لەئەوروپاو ئاسیادا، ناچاریشن بەچاوێکی زیاتر گرنگ و ئاگادارییەوە بڕواننە یەکێتیی سۆڤیەت، بەو رادەیەی کە هەر بەیەکدادانێك رووبدات..بەشێوەیەکی ئاشکرا ببێتە مەترسیەکی گەورە. هەرچەندە لەسەرەتای ساڵی ١٩٦٠وە جۆرە نزیك بوونەوەیەك لەنێوان یەکێتیی سۆڤیەت و تورکیا ئێراندا لەسەر ئاستی سیاسی و ئابووری ( بازرگانی دەرەوە و سەرمایەو کۆمپانیا خستەکار)، وە تا رادەیەکی کەمیش لەسەر ئاستی سەربازیش دروستبووە، بەڵگەی ئەوەش ئێرانە کە چەك لەدەوڵەتانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەکو یەك ئەکرێت، هەرچەندە ئەندامی رێکخراوێکی سەربازی خۆرئاواشە.

پەیمانی میدۆ، بەهۆی جێگەی جوگرافییەوە، خاوەنی گرنگییەگی تایبەتییە، لەڕووی جیاکردنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لەدەوڵەتە عەرەبە هاوپەیمانەکانی، بەتایبەتی لەو بارودۆخەدا کە هەستی نەتەوایەتی گەلانی عەرەب بەهێزتر بووە، یان بەلایەنی کەمەوە رێبازی بێ لایەنی لای چەند دەوڵەتێکی عەرەب بەهێز بووە، بەتایبەتی کۆماری

یــەكگرتووی عــەرەب، كــە ســەبارەت بــە رابــردووی تــاڵی لەگــەڵ ئیستیعماردا.. زیاتر ڕێبازی بێ لایەنیی گرتبوو..دیارە ئەوەش وای لەو دەوڵەتانە ئەكرد كە زیاتر هاوپەیمانێتی یەكێتیی سۆڤیەت بكەن.

لەبەرئــەوە ئــەتوانرێت ئامانجــەكانی دەوڵــەتانی خۆرئــاوا بەڕێگــەی جیاكردنــەوەی یــەكێتیی ســۆڤیەت لــە هاوپەیمانــەكانی بهێنرێتــە دی، هەروەكو لەمەوبەر سەرنجمان لێدا. ئەشزانین كە یەكێتیی سۆڤیەت هەر لەساڵی ١٩٥٠وە تا ١٩٦١هیچ هێزو جێ پێیەكی لەناو ولاتانی عەرەبدا نەبووە، بۆیە لەبارو گونجاو بووە بۆی كە هەوڵ بدات و بگەڕێت تا ناوچــەیەكی بــەرگری كیشــوەری بــۆ خــۆی مســۆگەر بكــات. ئــەوە لــەڕابردوودا، بــەلام لــەم ســەردەمەدا.. بارودۆخەكــە جیــاوازە، چــونكە یــەكێتیی ســۆڤیەت ئــەتوانێت بــە ئوســوڵی بــەهێزی دەریــایی بەئاســانی بگاتە دەریای سپی ناوەڕاست، جگە لەوەش ئەتوانێت كەڵك لەبنكەی سەربازی یاڵتا وەربگرێت.

لەبەرئــەوە لــە دەســتكەوتی دەوڵــەتانی خۆرئــاوادا بــوو كــە عێــراق رابكێشنە ناو ڕێكخراوێكی سەربازی خۆیانەوە، بۆیە یەكەم دەوڵەتی عەرەبی كە خۆی بەبەرگری خۆرئاواوە بەستەوە عێراق بوو، گرنگی ئەوەش لەوەوە هەڵقولابوو كە عێراق لەڕووی جوگرافییەوە نزیكترین دەوڵەتی عەرەبە لە یەكێتیی سۆڤیەت.

ڕێبــازی دژایــەتی كردنــی كــورد لەلایــەن هــەردوو پــەیمانی میــدۆ سەنتۆوە، پەیوەندی بە مەسەلەی سنوورو ڕێگەی چارەسەركردنی و ئینجــا بــە گیروگرفتــەكانی نــاوخۆی دەوڵــەتانی هــەردوو پەیمانەكــەو لەدواییشدا بەئامانجە سەربازییەكانیانەوە هەیەو هەر لەناو ئەوانەشەوە

ئەبێت لەو ڕێبازی دژایەتی کردنە بگەین، هەر بەهەمان شێوەی پەیمانی سەعدئاباد لەپێش جەنگدا کە بەشێك لەئامانجەکانی دژایەتی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد بوو، وە هەوڵی ئەدا نیشتیمانی کورد هەر بە دابەشکراوی بمێنێتەوە.

سەبارەت بەوەش کە کوردستان کەوتۆتە ناوەڕاستی تورکیاو ئێران و عێراقەوە.. لەبەرئەوە ئەبینین ئەو سێ دەوڵەتە لەیەك مەڵبەندی هاوبەشدا یەکیان گرتووە، ئەویش ئەندامەتییانە لەپەیمانی میدۆدا، لەلایەکی تریشەوە ئەو جموجوڵە سەربازییەی هەر دوو دەوڵەتی ئێران و عێراقە کە بەجووت دژی کورد ئەیکەن. لەبەرئەوە کورد هەقی خۆیەتی هەردوو پەیمانی میدۆو سەنتۆ بەدوو دامەزراوی دوژمن بە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی خۆی دابنێت. ئینجا ئەندامەکانی ئەو دوو دامەزراوە سەربازییەو هەموو دەوڵەتانی خۆرئاواش لەگەڵیان بەسنوورێکی لاوازی وا ڕازی نابن کەڕۆژێك لە ڕۆژان بەئاسانی هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵکو ئەوەی بەلایانەوە گرنگ بێت.. هێمنی و ئارامیی سیاسی و سەربازی ناوچەیەکە لەناوباری ئابڵوقەدانی یەکێتیی سۆڤیەتدا.

هەرچەندە دوای کشانەوەی عێراقیش لەپەیمانی میدۆ... دەستیان گرتووە بەهەمان سیاسەت و ئامانجی کۆنیانەوە بەرامبەر بە کورد. خۆ ئەگەر بتوانین سیاسەتی دوژمنکارانەی سەنتۆو میدۆ بەرامبەر بەکورد.. بەهاوپەیمانی لەگەڵ مەسەلەی سنوور.. تێبگەین.. وا هەر بەو پێیە ئەتوانین لەئامانجەکانی یەکێتیی سۆڤیەت و بەرژەوەندی لەبوونی سنوورێکی دڵنیا لای خۆرئاواوە تا جەمسەری کەنداوی فارس بگەین.

**دوای هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی، یەکێتیی سۆڤیەت یارمەتی هەبوونی ناوچەیەکی لاوازی ئەدا کە خۆی لە بۆشایی ئەرمەنستان و ئازەربایجان و کوردستان و لەناوچەکانی کەنداوی بێ لایەنی فارسدا ئەبینی، ئیتر یەکێتیی سۆڤیەت بەهۆی یارمەتیدانی جوڵانەوەی رەواو رزگاریخوازانەی نیشتیمانییەوە... توانی دەست بخاتە ناو کارو ژیانی سیاسیی دەوڵەتانی ناوچەکەوە، وە یەکێتیی سۆڤیەت بەهۆی یارمەتیدانی سەربازی و سیاسیی گەلانی ناوچەکەوە.. ئەتوانێت چەند ئامانجێکی ستراتیژیی گرنگ بەدەست بهێنێت، لەوانە:**

**-لاوازکردنی ئەو ئابڵوقەیەی تورکیاو ئێران لەدەوری دروستیان کردووە.**

**-نزیکبوونەوەی لەعەرەبە هاوپەیمانەکانی.**

**-گەیشتنە سەر کەنداوی فارس.**

**ئینجا ئەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە کورد داوای دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەکات، ئاسایشە چاوەڕوان بکرێت، لەکاتی دروستبوونی ئەو دەوڵەتەدا، جۆرێك لەهاوپەیمانی لەنێوان ئەم دەوڵەتەو یەکێتیی سۆڤیەتدا بێتە کایەوە، یان بەلای کەمەوە کوردستان دەوڵەتێکی بێ لایەن بێت، کە بەوەش چەند ئامانجێکی گەلێك گرنگ بۆ یەکێتیی سۆڤیەت دێتە دی، ئا لێرەوە لەوە ئەگەین بۆچی دەوڵەتانی پەیمانی میدۆ لەناو سیاسەتی ستراتیژی دەوڵەتانی خۆرئاوادا وا سورن لەسەر دوژمنایەتی کردنی جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد، هەروەك بەشێك لەگرنگیدان بەڕێکخستنی بارودۆخی ناو واقیعە فراوانەکەی ناوچەکە... بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتانی رۆژئاوا خۆیان.**

## ئابڵوقەی سوریا

لەبەرئەوەی کاری ئابڵوقەدان، کە ڕێبازی دەوڵەتانی پەیمانی میدۆ پەیمانی سەنتۆیە، بەشێکی گرنگ لەنەخشەی ستراتیژێتی یەکێتیی سۆڤیەت داگیر ئەکات، لەمەوپێش ئەوەمان بۆ روون بووەوە وەك ئەندامەتی دەوڵەتێکی عەرەبی، وەکو عێراق نزیك لەیەکێتیی سۆڤیەت لەپەیمانی میدۆدا، لەبواری ئابڵوقەدانا چی ئەگەیەنێت، بەڵام ئەم کارە هەر بەتەنها پەیوەندی بەئابڵوقەدانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە نییە، چونکە لەلایەکی ترەوە ئەبینین کە عێراق و تورکیا ئەتوانن لای رۆژهەڵات و سەروەوە ئابڵوقەی سوریا بدەن، لەهەمان کاتدا ئیسرائیل لەخوارەوە هەتا ئەردەن رۆڵێکی هاو وێنە ئەبینێت. لەبەرئەوە هەرچەندە میسرو سوریا یەك دەوڵەتی هاوبەشیان پێکهێنا.. بەڵام سوریا بەتەواوی لە میسر جیاکرابوەوە.. بەجۆرێکی وا کە هیچ ڕێگەیەکی هاتوچۆی راستەوخۆ لەبەینیاندا نەما بوەوە، جگە لە ڕێگەیەکی دەریا نەبێت، هەرچەندە ئەم ڕێگەیەش تا رادەیەکی زۆر بێ کەڵك بوو بۆ دوو دەوڵەت کە هێزی دەریایی پەرەسەندویان نەبێت.. بۆیە هەر ئەو بارودۆخە بوو یەکێتی و هاوکاری نێوان سوریاو میسری بێهێز کرد.

## ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو پەیمانی سۆنتۆو ناتۆ

دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانی سەنتۆ، بەتایبەتی تورکیا، ڕۆڵی پردی پێکەوە بەستنی نێوان ڕێکخراوە سەربازییەکانی دەوڵەتانی خۆرئاوا لە Rimlandدا ئەبینن، بۆ نموونە تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆیە لەهەمان کاتدا ئەڵقەی پێکەوە بەستنی ڕێکخستن و باری جوگرافی پەیمانەکانی سەنتۆ- میدۆیە، پاکستانیش لە بەیەك گەیاندنی ئەندامانی پەیمانی سەنتۆ-میدۆ- و سیاتۆ دا (ڕێکخراوی پەیمانی سەرووی ڕۆژهەلاتی ئاسیا[٤٦])هەمان ڕۆڵ وازی ئەکات.

بەو جۆرە ئەندامەتی دوو لایەنی یەکێك لەدەوڵەتانی ئەندام لە پەیمانەکانی ئەو ڕێکخراوە سەربازیانەی ناوهێنران.. بەتەواوی مەیلی دەوڵەتانی خۆرئاوا ئاشکرا ئەکات لەبەئەنجام هێنانی تیۆرییەکانی Spykmanدا، هەروەها گرنگیRimland لە ستراتیژێتی جیهانی ڕێکخراوە سەربازییەکاندا ڕوون ئەکاتەوە.. کاتێك کە مەسەلەکە پەیوەندی بە ئابلۆقەدانی یەکێتیی سۆڤیەتەوە هەبێت.

## پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی ئەندام لە هەردوو پەیمانی سەنتۆو میدۆدا

گیروگرفتە ناوخۆییەکانی دەوڵەتانی ئەندام لە پەیمانی میدۆ، هەمیشە دروستکەری ناکۆکی بوون لەناویاندا، مەسەلەی کوردستانیش

لەپێشـــەوەی ئـــەو گیروگرفتانـــە ئـــەهات، لەگـــەڵ ئەوەشـــدا نابێـــت ناکۆکییـــەکانی نێـــوان عێـــراق و ئێـــران لەســـەر شـــەتولعەرەب، یـــان ناکۆکییەکانی نێوان ئەفغانستان و پاکستان لەسەر بوشتینستان لەبیر بکەین، ئەو ناکۆکیانەو هاو وێنەکانیان، لەبەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانەدا نەبوو، هەر پێچەوانەی ڕۆڵە سەرەکییەکەی ناو ئەو نەخشە جیهانییە بوو کە بۆیان دانرابوو، دیسان کشانەوەی عێراق لەپەیمانی میدۆ لەناو ئەو بارودۆخـەدا زیـانێکی ئاشـکرابوو لەدەوڵـەتانی ئـەو پەیمانـە کـەوت، هەرچەندە ئەو کشانەوەیەش هەندێ سوودی هەبوو بۆ پەیمانی سەنتۆ.. چونکەکێشـەی تـەماعی عێـراق لـە کوێـت داو لەناوچـە بـێ لایەنـەکانی خـواروودا، لـەئارادا نامێنێـت.. خـۆ ئەگـەر چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کوردیش بخەینە سەر ئەوە، هەرچەندە لەخراپترین شێوەشدا بێت.. وا کارەکە یارمەتی پتەوکردنی یەکێتیی ناوخۆیی عێراق ئەدات.

## پەیمانی میدۆ و پاراستنی ناوچەکانی نەوت

جگـــە لـــەو ڕۆڵـــە جیاکەرەوەیـــەی پـــەیمانی میـــدۆ دەیگرێتـــەوە لەجیاکردنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت و دەوڵەتانی عەرەب، یەکێك لەئەرکە سەرەکییە گرنگەکانی تری پەیمانەکە ڕێگرتنە لەیەکێتیی سۆڤیەت تا دەســـتی نەگاتـــە ناوچـــەکانی نـــەوت لـــە ڕۆژهـــەڵاتی نزیـــك و ناوەڕاسـتدا..ئەمەش یەکێکـە لەمەسـەلە هـەرە گرنگـەکانی سـەرجەم ڕێکخراوە سەربازییەکانی خۆرئاوا.

ئـــەم ژمارانـــەی خـــوارەوەش گرنگـــی ناوچـــەکە لـــە ڕووی نەوتـــەوە دەرئەخـەن: لـەکوێ– ۱۰,۹۰۵,۰۰۰,۰۰۰ تـەن نـەوتی جیهـان لەسـاڵی

١٩٦٨دا- ٧٤,٠٠٠,٠٠٠تـــــەن لــــەبیرەکانی نـــــەوتی عێـــــراق و ١٤٠,٠٠٠,٠٠٠هی ئێران و ١٢٥,٠٠٠,٠٠٠تەن لەکوێت دەرهێنـراوە کـە کۆی هـەمووی ئەکاتـە-٣٢٩,٠٠٠,٠٠٠تـەن، کـەڵك وەرگـرتن لـەو هـەموو نەوتەو لـەو ئیحتیاتـەی مـاوە.. بەهـەموو شـێوەیەك، ئامانجێکـە لەسـەروو هەموو ئامانجە زیندووەکانی دەوڵەتانی خۆرئاواوەیە، خۆئەگەر ئـەوەمان لــەپێش چــاوبێت کەیـــەکێتیی ســـۆڤیەت لەســـاڵی ١٩٨٠وە ئەبێتــە دەوڵەتێکی هاوردەی بنچینەیی نەوت، وا ئـەوەمان بـۆ سـاغ ئەبێتـەوە کـە ڕۆڵـی پـەیمانی سـەنتۆ، ڕۆژ لـەدوای ڕۆژ گرنگـی زیـاتر ئـەبێت و کـاری گرنگـــی سەرشـــانی مســـۆگەرکردنی گەیانـــدنی نـــەوت ئـــەبێت بـــۆ ئەندامەکانی.. وە هـەر لەبەرئـەوەی ئێسـتاکە بـۆری نـەوت هـەر بـەوڵاتانی عەرەبـدا دەڕوات بۆیـە دەوڵـەتانی سـەنتۆ زۆر بیریـان لـەوە کردۆتـەوە کـە بۆری نەوت بەوڵاتانی تریشدا رابکێشن، باشترین ناوچەی گونجاویش بۆ بـەدیهێنانی ئـەم نیـازە ئـەو ناوچـە شـاخاویانەیە کـە دەکەونـە ڕۆژئـاوای ئێـران و تورکیـاوە، واتـە ناوچـەکانی ڕێکـی عێـراق و سـوریا..بۆ ئـەوەی سەرچـــاوەکانی نـــەوتی ئێـــران و دەریـــای ســـپی ناوەڕاســـت بەیـــەك بگەیەنرێت. جا ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، ئەو خەتە بۆریە نەوتەیـە کـە ئەگـەر بکرێـت وا بـەزەوی کوردسـتاندا تێپـەڕ ئـەبێت. سـەبارەت بـەو کێشـە چارەسـەر نـەکراوەی ناوخۆشـەوە کـە پەیوەنـدی بـەخودموختاری کوردستانەوە هەیە...وا ئەو جۆرە بۆریانەی نەوتیش جێگەی ڕەزامەندی کۆمپانیاکانی نەوت نابێت., لەم حاڵەتەشدا ڕۆڵی چڕی پـەیمانی سـەنتۆ لـەناو بـارودۆخی مەسـەلەی کورددا زامنکردنـی نـەوت گەیانـدن ئـەبیٚ بـە بۆرییەکی نەوت کە ناعەرەبی بێت و تاکە بۆریش بێت لەناوچەکەدا.

## گرنگی جیۆپۆلیتیکی تایبەت بە کوردستان

درێژبوونەوەی کوردستان لەڕووبەرێکی بەریندا، لەنێوان یەکێتیی سۆڤیەت و کەنداوی فارس و دەریای ناوەڕاستدا، وای لێئەکات کە شایەنی وازیکردنی رۆڵێکی بەیەکگەیەنەر بێت لەنێوان ئەو لایەنانەدا. چونکە ئەتوانرێت بۆری نەوت لەنێوان کەنداوی ئەسکەندەرونەو کەنداوی فارسدا رابکێشرێت، وەکو باسکرا، ئەم خەتەش تاکە خەت ئەبێت کە ناعەرەبی بێت، جگە لەبۆرییەکانی حەیفاو ئیلات کە بەڕێگای زەوی عەرەبدا ئەڕوات.

جێگەی هەرێمی کوردستانیش، وا لە جولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد ئەکات کە گرنگییەکی تایبەتی هەبێت لەناو جولانەوەی رزگاریخوازانەی ناوچەکەدا، سەبارەت بەم باری سەرنجانەی خوارەوە:

١. ئێستا کە کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتدا بەشکراوە، بۆیە کێشەکانی دابەشکردنی لەناوچەکانی سەر سنوورا کار ئەکەنە سەر تورکیاو عێراق و ئێران و سوریا.. شان بەشانی ئەوەش دەوڵەمەندیی نیشتیمانی کورد بەنەوت، لەعێراق و ئێراندا، بەڕادەیەکە کە بایەخێکی زۆر گرنگی هەبێت.

٢. دامەزراندنی کوردستانی خودموختاری لەعێراقدا، بێگومانە کە کار ئەکاتە سەر جولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد لە ئێران و تورکیا دا.

٣. ئەگەر خود مختاری بۆ کوردی عێراق بهێنرێتە دی.. وەکو مەڵبەندێکی گرنگیان، واتا رادەیەکی زۆر گەورە.. دەوڵەتی عێراق بەهێز ئەکات، ئەوەش لەبەرژەوەندی تورکیاو ئێران نابێت.

٤. لەئەنجامی ئەوەدا[٤٧] ئەو دەوڵەتەی زیان لەبەرژەوەندی ئەکەوێت ئێران ئەبێت، چونکە کارەکە هەر تەنها پەیوەندی بە کوردستانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیشی بەئازەربایجانەوە هەیە، بەتایبەتی بۆ ئێران تاقیکردنەوەی کۆنیشی هەیە لەگەڵ هەردوو کۆماری مهاباد و ئازەربایجاندا..کارێکی لەو جۆرانەش هەروا بەئاسانی بەسەر ئێراندا تێپەڕ نابێت.

جۆری دابەشکردنی کوردستان و نەخشەی سنوورەکەی، وێنەیەکی وەك دابەشکردنی بەرلینە، کە گیروگرفتی جولانەوەی رزگاریخوازانەی کورد و خەباتی بۆ یەکگرتنی کوردستان.. زۆر زیاتر کردووە، خۆ ئەگەر سەرنجی ئەو گۆڕەپانەش بدەین کە زیاتر لەهەموویان بەهێزو پەرەسەندوو ترە، مەبەست کوردستانی عێراقە- وا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە تاکو ئێستاش ناچارە خەباتی خۆی لەناو چوارچێوەی عێراقدا بهێڵێتەوە، هەر بۆئەوەی خۆی لابدات لەوەی نەوەك ئێران و تورکیا تاوانباری بکەن بەدەست خستنە ناو کاروباریانەوەو بۆ خۆلادانیش لەوەی کە جولانەوەکە نەچێتە سەر شانۆی سیاسیی جیهان.. چونکە ئەمە بارودۆخەکەی ئاڵۆز ئەکات، هەروەکو لەپێشەوە باسکرا.

# کۆتایی

لەناو ئاڵۆزی بارودۆخی جیۆستراتیژی رۆژهەڵاتی نزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەرچەندە تا رادەیەك ئەتوانن ئەو کێشانەی کە ناوچەکە بەدەستیانەوە ئەناڵێنێت چارەسەر بکەن.. ئەگەر لەڕوانگەی هێزەوە سەرنج لەپەیوەندی نێودەوڵەتان لەسەر بناغەی زۆرو لەناو بەکارهێنانی هێزدا.. سەیری بارودۆخەکە نەکرێ، یا بەرژەوەندی تەسکی پەیمانە سەربازی و بەرەکانی بخرێتە لاوە.. ئەوساکە تا ڕادەیەکی زۆرو، لە سادەترین شێوەدا.. تێئەگەین کە داخوازییەکانی کورد رەوایەو مافی خۆشیانە کە دەوڵەتی تایبەتی خۆیان هەبێت، بێگومانیشە کە دەست بەردار نەبوونی تورکیاو ئێران و عێراق و سوریا لە زەوی گەلێکی تر.. کارێکی زۆر ناڕەواو نابەجێیە، چونکە ئەم واقیعەی ئێستا لەئەنجامی بارودۆخێکی مێژوویی کۆن هاتۆتە ئاراوە کە هێز رۆڵی هەرە سەرەکی تێدا بینیوە، نەك پەیوەندییەکانی پێشکەوتن و گەشەکردن... لەهەمووی سەیرتریش ئەوەیە کە ددان بەنەتەوەی تری وەکو نەتەوەی ئەرمەندا ئەنرێت، کەچی بەرامبەر بەکورد ئەوە ناکەن، هەرچەندە خاوەنی نیشتیمانێکی ٣٠٠,٠٠٠کم$^2$ و زیاتر لەشەش ملیۆن مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی نەوت و هەستی پەرەسەندووی نەتەوایەتییە.

خۆ ئەگەر بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کورد ئەبێتە هۆی باشکردنی باروگوزەرانی و گەشەکردنیان لەپاشەڕۆژدا، لەهەمان کاتدا نکوڵیش لەوە ناکرێت کە گیروگرفتی وا دێتە پێشەوە کە تا رادەیەك

گـــرنگ بـــن.. لەوانـــە نـــەبوونی زەوی لەســـەر دەریـــا.. هەرچـــەندە جیۆپۆلیتیکی گرنگی ئەم دەوڵەتە- ئەگەر دابمەزرێت- خاسیەتێکی زۆر گـەورەی ئەبێت..سـەبارەت بـەوەی ئەبێتـە تـامپونێکی نـوێ بـۆ یـەکێتیی سۆڤیەت. جگـە لـەوەش پەیوەندییـەکی نـوێ و باشـتری بـۆ هـەڵ ئـەخات لەگەڵ جیهانی عەرەبدا.

هـەموو ئەوانە..بەهـەمان شێوەو حاڵـەتی ئازەربایجـان لـەناو یـەکێتیی سۆڤیەتدا، ئەبنە هۆی زامنکردنـی پێشـکەوتنی ئـابووری و کۆمەڵایـەتیی کوردستان و پەیدابوونی هەلومەرجی پێشکەوتووترو باشتر بۆ ژیان.

دیســان زۆر لەجێگــەی خۆیــدا ئــەبێت کــە باتانیســتان بکەوێتــە نــاو ئەفغانســتانەوە، هەرچــەندە لــەناو بــارودۆخی پەیوەندییــەکانی ئــەم سەردەمەدا، کە لەسەر بناغەی هێز دامـەزرێنراوە، چاوەڕوانی ئەو جۆرە چارەسەرە خواستراوە ناکرێت.

خۆ ئەگەر ئەوەشمان لەیاد بێت کە هەردوو جـەنگی یەکـەم و دووەمـی جیهـانی و ئـەو کێشـەو بـارە گرژانـەی ئـەنجامیان بـوون.. نـەیانتوانیبێت گۆڕانێکی لەبار بۆ کورد بڕەخسێنن.. وا گومانی تیادا نامێنێت کە ئەمڕۆ مەســەلەکە زۆر ئـاڵۆزتر بـووە و ئـەو تـەنها هەلومەرجـە لـەبارەی ئێســتا لــەئارادا بێــت.. خــەبات کــردن لــەپێناوی ســەندنی زۆرتــرین مــاف کــە بتوانرێـت لـەناو چوارچێوەی هـەر دەوڵـەتێك لەدەوڵەتـەکانی ئێسـتاکە بەدەست بهێنرێت، زیاتریش لەوانـە.. زۆر پێویسـتە، بـەبێ دوو دڵـی، کـە خەبات بکرێت بۆ راکێشانی لایەنگیری هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهان بـەلای کورددا، هەرچـەندە پاڵپشـتیکردنی ئـەم هێزانـەش بەربەسـتی ئـەو

تاوانبار کردنانە ناکەن کە ئەڵێن دەست ئەخەنە ناو کاروباری ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە.

خـــەباتی کـــورد لـــەپێناوی ئازادییـــدا بەشـــێکە لـــە جوڵانـــەوەی رزگاریخوازانـەی گـەلان دژی ئیمپریـالیزم.. بەخـەباتی عەرەبەکانـەوە کـە عـەرەبی عێـراقیش ئەگرێتـەوە، خـۆ ئەگـەر کۆمـارە تەمـەن کورتەکـەی مهاباد، کە بەرهەمی خەباتی کورد بوو بەسەرکردایەتی کۆمەڵـەی ژ.ك، و لەدواییشـدا حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان کـە دوای ژ.ك دامـەزرێنرا.. ئەگـەر ئـەو کۆمـارە بمایـە، وا بـاروگوزەرانی ئـەم سـەردەمەی کـورد زۆر باشتر ئەبوو. لەدوایشدا ئەبێت بڵێین کەمەسەلەی کورد لەناو ئەو دیدو بۆچونانەی باسمان کرد هەر هەمان ئەو مەسەلەیەیە کە حکومەتی عێراق لەرێککەوتنەکەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠دا ددانی پیادا نا.

# تێبینییەكان

١.جیۆپۆلیتیكی: تیۆرییەكی ستراتیژییە دەربارەی هاوپەیوەندی لە نێوان سیاسەت و جوگرافیادا.و.ع

٢. فارس: وشەیەكە یۆگۆسلاڤیەكان لەباتی وشەی ئێران بەكاری دەهێنن. و.ع.

٣.مهاباد: كۆمارێكی كوردی بوو لە ٢٢ی كانونی دووەمی ١٩٤٦دا لەسەروی ئێران دامەزرێنرا، پایتەختەكەی مهاباد بوو، قازی محەمەد بەسەرۆكی دانرا. لەدوای ١١مانگ سوپای ئێران توانی لەناوی بەرێت و سەرۆكەكەی لەسێدارە بدات. و.ع.

٤. مەبەست ئەوەیە كە دەوڵەتان مەسەلەی كورد بەكێشەیەكی تەواو ناوخۆیی دائەنێن.و. ع.

٥.Rimlandناوچەیەكی جوگرافییە، زانای جوگرافیا- ماكیندەر- جیهانی كردووە بەدوو بەشەوە، جیهانی ناوەوە واتە Hertlandوە جیهانی دەرەوە یانیRimlandن.

٦.توركیا ددان بەهەبوونی كورددا نانێت و بەتوركی شاخاوی ناویان ئەبات كە زمانی توركیان لەبیرچۆتەوە. كوردستانی توركیا كەوتۆتە ناوچەكانی رۆژهەڵات و خوارووی رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵەوە لەعێراقیش كوردستان بە شیماڵی عێراق ناوی ئەبرێت. وە لە ئێرانیش بەڕۆژئاوای ئێران. ن.

٧. پانتایی کوردستانی گەورە نزیکەی (٥٠٠)هەزار کم[٢] ئەبێت کە ئەگاتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست و سەر کەنداوی فارس، وە بەپێویستی ئەزانین کە کەمێك لەسەر سیفەتەکانی جیۆلۆجی و بەرزی و نزمی کوردستان بدوێین.. کە لەچوار بەش پێکهاتووە: ١-نزماییەیەکان کەبەشێکی تەواوکەری میسۆپۆتامیایە.٢- ناوچە شەپۆلییەکان کە بەشەکانی خواروو بە سەروەوە ئەبەستێت. ٣-بەشە شاخاوییەکان ٤- ناوچە بورکانییە داخراوەکان کە دەکەونە دەشت و دۆڵەکانەوە-ن-

٨.کەنداوی فارس: مەبەستی کەنداوی عەرەبییە. و.ع.

٩. قاسملو-کوردستان و کورد.ن.

١٠. زانیاری مەعهەدی ئەتنوگرافی میکلوهو- ماکلایا.N.Nچاپی مۆسکۆ-١٩٦٠-ن.

١١.ئێستا وا دائەنرێت کە لەعێراقدا دوو ملیۆن کورد هەیە.ن.

١٢. ئەبێت ئەم ژمارەیە لەگەڵ ژمارەی کورد لە ئێران بەهەڵەی چاپ ئاڵوگۆڕی پێ کرابێت، چونکە لەهەردوو دەقەکەدا هەر بەوجۆرە نوسراوە. -و.ك.

١٣. بەبەراوردکردنی هەموو ژمارەکان لەگەڵ یەکتریدا دەرئەکەوێت کە ڕێژەی جیاوازی بەو جۆرە نییە. و.ك.

١٤. مەبەستی نووسەر لەوە، یارمەتی پێویست و خواستراو بووە لە ساتەکانی شۆڕشی کورددا.و.ع.

١٥.مەبەستی نووسەر لەم لایەنە بەناوبانگە لە جوگرافیاو زانستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، پەیدابوونی دانیشتوانە لەوڵاتێکدا یان کردنی وڵاتێکە بەنیشتیمانی دانیشتوان.و.ع.

١٦.زۆر ئاشكرايه كه هەندیٚ جار نه پانتایی و نه ژمارەی دانیشتوان جێگـەی سـەرنج نـەبووە لـە توركیـادا, ناوەڕاسـتی ئـەنادۆڵ و قـارص Kopet,Dageئەوەش وا ئەگەیەنێت كەبەزۆر كۆچیان پیٚ كردوون، بۆیه ئـەو ناوچـانەی كۆچـی لێـوە پێكـراوە، لەخـەباتی چـەكدارانەدا رۆڵـی گرنگیان نەبینیوە. —ن—

١٧.H.Rawlinsonیەكـەم كـەس بـووە كـە نوسـینی بزمـاری سـەر لەوحـەی قـوڕینی خوێندۆتـەوە كـە تیایـدا، نـاوی كـوردی لەسـەر ئـەو لەوحانـــە بینیـــوە كـــە بنچـــینەی نەتـــەوە ئێرانییەكانـــە، هـــەروەها لەنوسراوەكەدا ناوی پاشای كوردەكان وا نووسراوە—شاهی كوردان—.

١٨.تایبەتیـەكانیان وەكـو نەتەوەیـەك كـە هـەموو ئـەو مـەرج و خاسییەتانه یان هەیه كه لەنەوەكانی تری جیا ئەكاتەوە. و.ع.

١٩. ئـەو ناوچـانەی كـە كەوتوونەتـە نێـوان ئەدەنـەو دەڵتـای نیلـی میسرەوە—ن—.

٢٠. زۆربەی ناوچه شاخاوییەكانی كوردستان له ١٠٠٠—٣٠٠٠مەتر لەئاستی دەریاوە بەرز ئەبن.—ن.

٢١.Shamalaبایەكی بەهێزە لەهاویناندا هەڵئەكات لم و گەرمایيەكی زۆر لەگەڵ خۆی ئەهێنێت. ن—

٢٢.هەندیٚ سەرچاوە دەریان خستووە كە لە ٨٪ی ئیحتیاتی نـەوتی جیهانی سەرمایەداری له كوردستاندایه.

لەسـاڵی ١٩٦٧عێـراق —٦٠٢١٦٠٠٠تـەن نـەوتی بەرهـەم هێنـاوە لـە٧٥٪ی ئـەوە نـەوتی كوردسـتان بـووە، بۆیـە بـەپێی ئـەو بەرهەمـە، كوردسـتان ئەیـەوێت بەشـی خـۆی لەنـەوت وەربگرێـت و ناوچـەكەی پـیٚ

ئاوەدان بکاتـەوە، بایـەخی نـەوت لای کـورد لـە سـروودە نیشـتیمانەکەی کۆمـاری مهابـاد دا باسـکراوەو دەرخـراوە کـە جگـە لـە بابـەگوڕگوڕ و کەرکوك و موسڵ لە کرماشان و تورکیاو سوریاش نەوت هەیە—ن.

٢٣. مەبەست نەتەوەی کوردە. و.ع.

٢٤.مەبەستی گەلی عەرەبە لەسەردەمەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا و.ع.

٢٥.دەوڵـەتی یـان ناوچـەی تـامپون، ناوچـەیەکی دابڕکـەر، یـا جیاکەرەوەیە لەنێوان دوو دەوڵەت یا زیاتردا. و.ع.

٢٦. هەروەها ئەرمەنستان.—ن.

٢٧.لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەیەمـدا رووسـیا تـوانی سـەرکەوتوانە بچێتە ئێرانەوە.—ن—

٢٨.ئـەو کۆمـارە جێگەیـەکی زۆر گـرنگ و تایبـەتی هـەبووە، لـە بەرئەوەی کەوتبووە نێوان ئازەربایجان و رووسیای سۆڤیەتی، سەبارەت بـەوەش کـە سـنووری راستەوخۆشـی بـۆ پەیوەنـدیکردن بـۆ دروسـتکرد، چـونکە کۆمـاری گـەیلان گەیشـتبووە سـەر دەریـای قـەزوین، کەئەمـەش هۆیەکی یارمەتیدەری بۆ رەخسان بۆ دەسەڵات فراوان کردن.—ن.

٢٩.نوسـەر بـەوە رۆڵـی سـەلبی بـەریتانیا بەرامبـەر بەمەسـەلەی کـورد دەرئـەخات کـە چـۆن بـوونی نـەوت لەکوردسـتانی خـوارووی بـوو بـەهۆی لکاندنی ئەو بەشەی کوردستان بەعێراقەوە. و—ع.

٣٠. جیۆسـتراتیژی: ئـەو شـوێنەیە کـە جێگـەی جوگرافییەکـەی بەشێوەیەکی بنچینەیی کار ئەکاتە سەر پایەی سیاسی. و.ع.

٣١. دوای ئەوەی لەسەدەی حەوتەمدا عەرەبەکان بوونە دەسەڵاتدار لەسەدەی یانزەیەمیشدا تورکەکان جێگەیان گرتەوە، وە لە سەدەکانی ١٣و١٤شدا مەغۆلەکانیش هەمان رۆڵیان بینی–ن.

٣٢.Lord Curson‌وای داناوە کە فورات کەوتۆتە سنووری رۆژئاوای هیندستانەوە.–ن–

٣٣.لەو کاتەدا مەسەلەی نەوت وا گرنگ نەبوو بوو تا مەسەلەی ولایەتی موسڵ ببێتە کێشە.–ن–.

٣٤.پەیمانی سەنتۆ لەنێوان ئێران و تورکیاو پاکستاندا مۆرکرا بۆ هاوکاریکردن لە بەرەنگاریکردنی Rimlandدا. سەرەتای دامەزراندنی ئەم جۆرە پەیمانانە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٥تا ساڵی ١٩٣٧ کە لەم ساڵەدا پەیمانی سەعد ئاباد لە نێوان تورکیاو عێراق و ئێران و ئەفغانستاندا مۆرکرا، لە ساڵی ١٩٥٥یشدا پەیمانی میدۆ (رێکخراوی پەیمانی بەرگریکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) لە بەینی تورکیا و ئێران و رۆژهەڵاتی پاکستان و عیراقدا مۆر کرا، لە ساڵی ١٩٥٩ دا کە عێراق خۆی کێشایەوە.. ئیتر لەوەو دوا ناونرا پەیمانی سەنتۆ. ئاشکراشە کە ئەو جۆرە هەنگاوو کارانە لەدەورو پشتی Rimlandدا هەر بۆ دورخستنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بووە لەجیهانی عەرەب و (نەوتی عەرەبەکان).

*سیاسەتی دژایەتی کردنی کورد لەسوریادا و ئابڵوقەدانی کورد زامنی گەیاندنی نەوت ئەکات.

*بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی پەیمانی سەنتۆ– خاسیەتەکانی جیۆستراتیژیRimland لەوڵاتانی ئەندام لەپەیمانی سەنتۆدا–

R.Pavicلـه ڕای سیاســی ژمــاره ٣ ســاڵی ١٩٧٠ بخوێنــەرەوە–ن. کــە لەبەشی دووەمی ئەم دەقەدایە. و.ك

٣٥.پانتایی کۆماری مهاباد و ئازەربایجان–١١٠هەزار کم[٢] بوو–ن.

٣٦. جێگـەی کـاردۆخ لـەماوەکانی مێـژوویی کۆنـدا، هـەر ئـەم وڵاتـە بووە.

*تورکیا هەمیشە هەوڵی داوە ئەو سەربەخۆییە لە کورد زەوت بکات، بەڵام بۆی نەکراوە، چونکە هەمیشە کورد بەرامبەری ڕاپەڕیوە بەتایبەتی لەسەدەی نۆزدەیەمدا –ن–

٣٧. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی –٧٠٠هەزار کورد لەناو سنووری کوردستانەوە گوێزرانەوە بۆ ناوەڕاستی ئەنادۆڵ–ن–.

*لەسـاڵی ١٩٣٠یشـدا ڕاپـەڕینی کـورد پـەرەی سـەند تـا گەیشـتە سنووری ئارارات. ئێـرانیش کەوتـە یارمەتیـدانی تورکیـا لـەدژی کـورد. لەهـەمان سـاڵدا ڕۆژنامـەکانی تورکیـا بڵاویـان کـردەوە کـە هـەر تـورك ئەتوانێت لەگەڵ پەرەسەندنی نەتەوایەتی و کەلتوری خۆی خـەریك بێت، هەر لەم ساڵەشدا بوو کە وەزیری عەدل مەحمود اسعد– بەهەڵبـژێرەکانی ڕاگەیاند کە تـەنها تـورك خـاوەنی مافـە لـەم وڵاتـەداو هـەر خـۆی گـەورەی تورکیایـە، ئـیتر ئەوانـەی تـورك نـین هـەموو عەبـدن– لـەقاسملوەوە. ل ١٩و٢٠–ن–.

*پرۆفیسـۆر پـاڤیچ لەموحازەرەیەکـدا.. ڕوو ئەکاتـە دانیشـتوان و ئەڵێت:(بێگومان ئێوەش مەسەلەکەی خۆمانتان بیستووە کە ئـەڵێت ئـەو شوێنەی لەشکری تورکی پێدا بڕوات ئیتر سەوزی لێ نامێنێت و...)

کەچی دوای ئەوە لێپرسراوەکانی تورکیا بڵاویان ئەکردەوە کە هیچ کێشەیەك لەئارادا نەماوە کەناوی کێشەی کوردبێت لەساڵی ١٩٣٧ ز- و.ع.

٣٨. ئەوەی پێویستە لێرەدا دەربخرێت ئەوەیە کە هەرچەندە ئێران ئەندامی پەیمانی سەنتۆیە، بەڵام لەساڵی ١٩٦٧ چەکی لەرووسیا وەرگرت بەوەش دەبێتە یەکەمین وڵاتی بەستراوە بە پەیمانەکانی رۆژئاواوە کەچەك لەڕۆژهەڵات وەربگرێت-ن-.

٣٩.بۆ ناوچەی رۆژهەڵاتی فورات بەشێوەیەکی سەرەکی، کە کەوتوتە نێوان وان و ورمێ و میسۆپۆتامیاوە-ن.

٤٠. ئەبێت لێرەدا ئەوەش باس بکەین کە لەساڵی ١٩١٨-١٩١٩دا کورد لە سلێمانی-عێراق سەربەخۆیی خۆی بڵاوکردەوە، لەساڵی ١٩٢٢دا شێخ مەحمود بەرزنجی هەر لە سلێمانی پاشایەتی کوردستانی دامەزراند... بەڵام ئەو هەوڵ و تەقەلا زۆرانە دژی بەرژەوەندی بەریتانیا بوو... بۆیە یەك لەدوای یەك لەناوی ئەبردن. هەتاکو کۆماری مهاباد ماوەیەکی کەم، کەمتر لەساڵێك ژیا- دوای ئەوە لەگەڵ ئۆتۆنۆمییەکەی ئازربایجاندا لەناوبران-ن-.

٤١.شاپور: شاری سەڵماسە، رەزائیە، شاری ورمێیە. جگە لەو دوو شارە: ماکۆ و میاندواو و خۆی لەو شوێنە گرنگانە بوون کە ئەو ناکۆکییەیان لەسەر دروست بوو.. و.ك.

٤٢. لەدوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠حکومەت کەوتە هەوڵدان بۆ تێکدانی و گۆڕینی سروشتی کوردەواری ئەم شارە، بەهۆی ئەوەوە کە شارێکی گرنگی نەوتە.-ن.

٤٣. مەبەست لەبەیانی ١١ئازاری ١٩٧٠یە. و.ع.

٤٤. ئـەم سەرباسـە لەبەشـی یەکەمیشـدا هەیـە.. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی باسەکە لەدەقە ئەسڵیەکەدا هـەر ئەوەنـدە بـوو کـە لەوێـدا خراوەتـە پێش چاو.. بۆیە لەوێـدا، هـەروەکو خـۆی هێڵرایـەوە. وە سـەبارەت بـەوەش کـە لەدەقە عەرەبییەکەدا ئەم باسانەی تر کە لەم بەشەی دووەمدایە.. هەبوو. بۆیـە وام بەباشـزانی کەبـەو جـۆرە لەهـەردوو شـوێنەکەدا هـەموو باسـەکە بخەمـە بەرچـاوی خوێنـەری بـەڕێز.. وە بـۆ ئـەوەی تـا بشـتوانم ئەمانـەتی بـــەکوردی کردنەکـــە بپـــارێزم، چـــونکە وەکـــو لەشـــوێنی خۆیـــدا روونم کردوتەوە کە دیارە ئەم بەشە.. هەر لەگەڵ ئەو باسانەی تردا یەکە لەدەقە یۆگۆســلاڤیەکەدا نـــەبووەو دیـــارە هـــەر لـــەژمارە-٣ی رای سیاســـیدا بڵاوکراوەتەوە. و.ک.

٤٥. لەئـــەوروپادا یـــەکێتیی ســـۆڤیەت ســـنوورێکی تەســـکی لەگـــەڵ دەوڵەتانی پەیمانی ناتۆدا هەیە.. لای سنووری نەرویج کە درێژاییەکەی تـــەنها ١٩٦کلـــم.. بـــەڵام ســـنوورەکەی لەگـــەڵ ئێـــران و تورکیـــادا ئەگاتـــە ٢٢٥٢کلم. و.ع.

٤٦. پـەیمانی بەغـداد.. کـەدوای کشـانەوەی عێـراق-١٩٥٩- نـاونرا پـەیمانی سـەنتۆ.. هـەر پـەیمانی میدۆیـە رێکخـراوی پـەیمانی بـەرگری لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*پەیمانی ناتۆ- رێکخراوی پەیمانی سەرووی ئەتڵەسی.

*پـــەیمانی ســـیاتو- رێکخـــراوی پـــەیمانی ســـەرووی رۆژهـــەڵاتی ئاسیا.و.ک.

٤٧. مەبەستی نووسەر لەئەنجامی پێکهێنانی حوکمێکی زاتـی تـەواو لەکوردستانی عێراقدایە-و.ع.